# شانۆی سەر شەقام

نیهاد جامی

# شانۆی سەر شەقام

نووسەر: نیهاد جامی

دەرهێنانی هونەری:  دلێر زەنگنە

چاپی یەکەم

پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا وشانۆ بەتەنیا بابەتێکی شانۆیی نیە وەک چۆن بابەتێکی کۆمەڵناسی دوورکەوتوو لەشانۆ نیە، بەڵکو بابەتێکە لەدیدی هەردووکیانەوە چارەسەری ئەو پەیوەندیە دەکات، بۆیە هەوڵدەدەین لەڕوانگەی کۆمەڵناسی شانۆییەوە لەپەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا وشانۆ بکۆڵینەوە، ئەو پەیوەندیە گرنگەی تاکو ئێستا لەهەناوی کۆمەڵگا کوژراوەو شانۆکەی خاڵیکردۆتەوە لەژیانی کۆمەڵگا، بۆیە لەو ڕێگەیەوە لەسەر چەند چەمک و تێگەیشتنێکی ئەو پەیوەندیە دەوەستین.

شانۆ لەکۆمەڵگای ئێمە نەبۆتە کولتووری کۆمەڵایەتیمان.. کە مرۆڤەکان شانۆ وەک پێویستیەکی کۆمەڵایەتی سەیری بکەن، شانۆ بەشێک نیە لەکولتووریی کوردیی، بۆیە کاتێک ژمارەی مزگەوتەکان زیاد دەکرێت و هۆڵە شانۆییەکان بەبیانووی نۆژەنکردنەوە دەرووخێندرێن هۆکارەکەی ئەوەیە مزگەوت بۆتە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگا و شانۆ کولتوورێکی نامۆیە، بە نامۆبوون وادەکات شانۆ پێویستیەکی ناو ژیانی نەبێت.

ئەگەر مزگەوت بە بیانووی نۆژەنکردنەوە بروخێندرێت، ئەوا دەبێت خێراو لەزووترین کاتدا درووست بکرێتەوە، کەچی دەسەڵاتی ئیداریی هەولێر هەردوو هۆڵی گەل و رۆشنبیریی یەکێکیانی تەخت کرد و ئەویتریانی لەناوەوە کاول کرد، ئیدی بەبیانوی نۆژەن کردنەوە شانۆکارانیان دوورگرت لەم دوو شوێنە، ئەوەی لە بەرامبەر هۆڵی ڕۆشنبیریی هەولێرکرا چەند جارێک لەگەل هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی کرا، بەڵام خێرا چەند دەستکاریەکی بچووککراو دەرگای هۆڵەکە سەر

لـەنویٚ بـەڕووی شـانۆکان کرایـەوە، ئـەوە چیـە وا دەکـات لەشـارێک هۆڵێک تەخت بکرێت و یەکێکیتریشی سەر شانۆکەی وێران بکەن، تـا نـەتوانین کـاری شـانۆیی تیـا ئەنجامبـدەین.. لەشـارێکیتر خێـرا بـۆ ماوەیەک دەرگا بەرووماندا دادەخرێت و دواتر دەیکەنـەوە، هۆکارەکـەی ئـەو خەسـڵەتە کولتوورییـە کـە شـارێک بزووتنـەوەی شـانۆیی تیـای چالاکترە لەئاستی نمایش و بینەردا، ئەوەی لەهەولێر ئەنجام دەدرێـت نـەیانتوانی لەسـلێمانی ئـەنجامی بـدەن، هۆیەکەشـی پەیوەنـدی بـە کولتووری ئاشنابوونە بـە شـانۆ، کـە بەشـێکی ئـەو کۆمەڵگایـە شـانۆ وەک ئاگاییەک بۆ ژیان سـەیر دەکـات، ئـەو بەشـەی کۆمـەڵگا ئەگـەر تەواوی کۆمەڵگاش پێـک نـەهێنێت، سـەرەنجام بەشـێکی چالاکـە کـە لەتەک شانۆکاران هەست بە گرنگی شانۆ دەکەن، بە پێچەوانـەی ئـەو نائاگاییە کۆمەڵایەتیەی کە شانۆ بەخەمی خۆی نازانێت.

ئـەوە بـە کولتـوور نـەبوونی شـانۆیە لەکۆمـەڵگای ئێمـەدا، ئـەو وێنـە ڕووخێنراوەی لەدامەزراوەکانی خوڵقاند، ئەگەرچی دەسـەڵاتی کـوردیی لەوە تێدەگات بە کولتوورنەبوونیشـی هێشـتا مەترسـی لەبـەردەم ئـەو هونـەرە هەیـە، ئـەو تـا کۆمـەکی بەڕێوبەرایەتیـەکانی شـانۆش بکـات سەرەنجام لە بونیاتە زەمینیەکەی داوە کە هۆڵە شانۆیە بـوونی نیـە، لێـرەوە بیرۆکـەی شـانۆی سەرشـەقام دێتـە ئـاراوە تـا دەبینـین وەک نەریتێکی سـاڵانە لەشـارۆچکەی دەربەنـدیخان شـانۆکاران کارەکانیـان لەشەقامدا نمایش دەکەن.

کاتێـک ئەو زەمیـنـەیە وەک وردە کولتورێـک لەکۆمەلگـای شـانۆکارو شەقامی کوردیی دەردەکەوێت، لەپڕ شـانۆکارانی کەرکـوک ئەو خەونە

فراوان دەکەن بە مژدەی فێستتڤالی نێو دەوڵەتی شانۆی شەقامی کەرکوک، بەداخەوە بەهۆی بوونی من لەدەرەوەی وڵات نەمتوانی لەنزیکەوە ئەم فێستڤاڵە ببینم، بەڵام بەدلنیاییەوە ئاسۆیەکی نوێی فۆرمێکی تری شانۆیە لەئاستی ناوچەکەدا، کە لەئێستادا بەگرنگیەوە شانۆکارانی ئەم ناوچەیە خوازیاری نمایشەکانیانن لە شەقام، بینینی من زیاتر بۆ پێنج خولی فێستڤالەکەی دەربەندیخان بوو، بۆیە زیاتر لەقسەکردندا دەگەڕێمەوە بۆ ئەو نمایشانەی کە کارەکانیانم بینیووە.

لەگەڵ تەواو بوونی خولی پێنجەم وەک هەر خولێکی پێشوو ئەوانەی خەڵات وەرناگرن، هێرشدەکەنە سەر نەزانینی لیژنەی دادوەری و لیژنەی دادوەریش بەپێچەوانەی ئەوان هەندێک قسەی تر دەکەن، لەو نێوەندەدا گفتوگۆکان لەیەک ئاستە، ئاخۆ نمایشە براوەکان شانۆی شەقام بوو؟ ئەوەش ململانێ نیە لەسەر چۆنیەتی نمایش هێندەی قسەکردنە لە دەمامکێک سەرەنجام تەنیا توندوتیژیی ڕەمزی لەنێوان شانۆکاران دەخوڵقێنێت.

بۆ بینەران گرنگ نیە ئەو نمایشانەی دەیبینن شانۆی شەقامە یان نا، بەڵکو ئەو شانۆ دەبینێت، ئیدی وای لێدێت پەیامەکەی دەسەڵات بەتەواوی جێگیر دەبێت ئەگەر بێت و شانۆی ناو هۆڵ جێبێلین ئیدی شانۆ وەک بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ یادکردنەوە ساڵانە دەیهێنینە شەقام، لەکاتێکدا شانۆی شەقام لە کولتووری ئێمەدا دەتوانێت گرنگی خۆی دەربخات ئەگەر هات و ئێمە شانۆی ناو هۆڵ و شێوازە شانۆییەکانمان ڕووبەرووی بینەر بکەینەوەو شانۆی شەقامیش وەک شێوازێکی شانۆیی بخەینە ڕوو، ئەو کات دیسان وەک ئێستا

هەموومان لە هۆڵەوە نەیەینە شەقام، بەڵکو دەرهێنەری تایبەت بەکارەکەی هەبیت، بەداخەوە دەرکەوت زۆربەی ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن، ئاشنایەتیەکی ئەوتۆیان نیە بەم شانۆیە، بەڵکو زۆرینە نەک هەر شانۆکەیان شەقامە یان نا؟ کە وەک خۆیان شەڕەکەیان لەسەر ئەو پرسیارەیە، بەڵکو وەک سیستمی گوتار نمایشی شانۆیی ئامادەبوونی نیە، ئەوە کێشەکەیە کێشەکە لەشەقام نیە، کێشەکە لەنەبوونی مەعریفەی شانۆییە، بۆیە زۆربە پەنا دەبەنە بەر شەقام، وەک ئەوەی کاری شەقام ئاسانتر بێت، ئەو نەزانینە کوشندەیەی زۆرینە فێری بوون کە شانۆ پراکتیکە و پەیوەندیی بە تیۆرەوە نیە، ئەو ماڵوێرانیەی خولْقاند لەلایەک هۆڵەکانیان ڕووخاندین، هۆڵیان بۆ درووست نەکردین، نمایشمان بردە شەقام.. بەبێ ئەوەی بخوێنینەوە فێربین کاتێک ڕاگەیاندنی فێستڤاڵەکان دەکرێت، پێویستە ئێمەی شانۆکاران برژێینە شەقامەکان و بەدەنگی بەرز بڵێین "فێستڤاڵمان بۆ مەکەن پارەی فێستڤاڵەکان بدەن بە وۆرک شۆپ و خەڵکانی پسپۆرمان بۆ بێنن، کتێبمان بۆ بنووسن و بیکەن بە کوردیی.. جارێ با فێر بین دوایی فێسیتڤاڵمان بۆ بکەن"

هێشتا خەمی خەڵات بەرینەداوین، کەچی ئێمە هێشتا نازانین شانۆ بۆ ئێمە مانای چیە؟ بۆ شانۆ دەکەین؟ هەموومان لەو نەزانینە گەورەیەدا بەشداری تراژیدیای خەڵاتین.. وەک ئەوەی هێندە داهێنەر بین جگە لە خەڵات خەمێکی ترمان نەبێت.. لەو لاشەوە کەسانێک بە پۆست وکۆمێنتەکانیان بەشداری لەسوکایەتی یەکتری دەکەن و زانایی خۆیانمان بۆ دەردەخەن، پێویستە بزانین ئەوەی لەم خولە و چوار

خولەکـەی پێشـوو بـراوە بـوو، خـودی شـانۆکاران نـەبوون، بـەڵکو شارۆچکەی دەربەندیخان بـوو، کـە تـوانی پێـنج خـولی شـانۆ بگرێتـە خـۆی و زەمینەیـەکی کۆمەڵایـەتی بـۆ بـەکولتوورکردنی شـانۆ بگرێتـە خـۆی، ئـەوە ئێمـەین دەمانـەوێت بلـێن کارەکـەمان شـەقامە یـان نـا، بینەرانی ئامادەبوو نە ئەو کێشەیان هەیە نە کێشـەی خـەڵات، ئـەوان لەشانۆکاران باشتر لە سـتراتیژی گوتـاری شـانۆ تێگەیشـتوون، ئیـدی لەوەش تێدەگەن سەیرکردنی ئەوان و ئێمە بۆ شانۆ جیاوازە، ئێمە بۆ خەڵات و خۆدەرخستن کار دەکەین، درۆیەکی گەورەیـە، کاتێـک بڵـێن بـۆ خـەڵات کارمـان نـەکردووە، دەی گـەر وایـە بـا مـانگی داهـاتوو فێستڤاڵ نیە، با هەموو کار بکەینەوە، کە ئـەوەش خواسـتی بینـەرە، بەڵام خۆ ساتی ئێمە خەڵاتە واتـە خواستەکەشـمان جیـاوازە، لێـرەوە بینەر لـەو ڕاسـتیە تێـدەگات شـانۆ بەشـێک نیـە لـەژیانی کولتـووریی ئەودا، هۆیەکەی بینەر نیە، بەڵکو شانۆکارانن کـە دەیانـەوێت خـەڵات وەرگرتن بکەن بە بەشێک لە کولتوور.

لەو وێنە گشتیەدا کۆمەڵگای بێ شانۆ دەهێنرێتـە شـەقام بـۆ ئـەوەی شـەڕ لەسـەر خـەڵات بکرێـت لەڕێگـەی شـانۆوە، ئێمـە کـە شـانۆمان نەماوەو لە پرۆتۆکۆلێکی نەنووسـراوی نێـوان دەسـەڵات و شـانۆکار.. شـانۆکەمان کـوژراوە، کاتێـک ئـەو تەرمـە دێنینـە سـەر شـەقام بـۆ ئەفسوونێکی جادوویانە نیە کە شانۆی پێ زیندوو بکەینەوە، هێندەی هێنـانی تەرمێکـە تـا بیخەینـە بـەردەم بینـەران و لەستایشـی پاڵەوانێتیمان کە تەرمەکەمان دەنێژین خەڵات بکرێین، وەک ئەنتیگۆنا بڵێین "دەبێت ئەم تەرمە بنێژرێت"

کاتێک شانۆ لەناو کۆمەڵگای کوردیدا وەک جەستەیەکی مردوو دەردەکەوێت، جەستەیەک توانای بزاوتی نیە بۆیە دەسەڵات هێزی خۆی بەکاردەخات، دەکەوێتە هۆڵە شانۆیەکانمان، ئیدی لەولاوە قسە لەپیرۆزی شانۆ دەکرێت، لەپاڵ ئەو پیرۆزیە هێرش دەکرێتە سەر پیرۆزیەکانی کۆمەڵگا ورۆژنامەنوسەکانی حزب و شانۆکارە حزبیەکان فێردەکرێن باس لەبەراوردکردنی ژمارەی مزگەوت و هۆلە شانۆییەکان بکەن، وەک ئەوەی پیاوە ئاینیەکان هۆڵە شانۆییەکانیان تێکدابێت، نەک بەرپرسە ئیداریە حزبیەکان، کاتێک شانۆ نەبووە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگا، پەیوەستە بەو یادەوەریە خراپەی شانۆکاران لەسەرەتاوە لەزهنی کۆمەڵگا خولقاندویانە، ئەو تۆمەتە ئەخلاقیەی بۆ ئەندامانی یەکتری دروستیان کرد، ئیدی کۆمەلگا چۆن منالەکانی لەشانۆ دوور نەخاتەوە، کاتێک ببینێت شانۆکاران خۆیان تۆمەتی ئەخلاقی بۆ یەکتری دەبەخشنەوە، چ جای ئەو یادەوەریەی کۆمەلگای ئێمە بۆ چەمکی شانۆ، کاتێک لەجەنگی جیهانی ئینگلیزەکان دوای سەرکەوتنەکانیان لەو ناوچانەی ئێمە کە ئاهەنگیان گێراوە، ئەو کچانەی لەگەلیان بووە لەسەر شانۆ هاوینیەکانی دروستیان کردووە بەجلی نیمچە رووتەوە سەمایان کردووە، وەک ئاماژە بۆ شانۆکە وتراوە تیاتەرو تیاترۆ، ئیدی لەکۆمەلگای ئێمەدا تیاترۆ بریتی بووە لەو کچە نیمچە رووتەی سەمای کردووە، ئەوەش ئاماژەیەکی خراپی نواندنی شانۆیە لەزهنی کۆمەلگادا، ئێمە لەبڕی سرینەوەی ئەو یادەوەریە هاتین ئەو وێنە ئەخلاقیەمان پتەو کرد، کاتێ کەوتینە شکاندنی وێنەی کەسێتی کچە ئەکتەرەکانەوە، ئەوەش لەبنەرەتدا

دەرونی نەخۆشی نێرینەیی ئـێمە بـوو، ئیـدی پیرۆزیـی شـانۆ لەکـویێ بمێنێت؟

لەکاتێکدا مزگەوت کە وێنەیەکی پیرۆزی زهنی کۆمەلگایە، بۆیە بەرەو حالەتی رۆحانی دەبەن، تەنانەت توندوتیژیی هێزە دینیەکان دینیەکان لەخۆیـان کـردۆتە دەرەوە، تـا وێـنەی پیـرۆزی پیـرۆزگەرا نەشـێوێت، کەچی شانۆکاری کورد تـا ئەمـڕۆ نەیتوانیـووە گوتـارێکی هەبێـت ئەو کارە بکات، بۆیە بەبێ دامەزراندنی چەمکی پیرۆزگەرا کۆمەڵگایەک لە بەکولتوورکردنی شانۆ تەنیـا وێنەیەکـی سـلبی ئەو شـانۆیە دەبینێـت، بیرمان نەچێت کۆمەلناسێکی ناسراوی وەکو دۆرکایم لەبارەی پیـرۆزی و کۆمەڵگـا لەکتێـبە گـرنگەکەی بەنـاوی کۆمەلناسـی، دەنووسـێت "کۆمەڵگا کۆبوونەوەیە لەسەر خوانی پیرۆزیی" ئێمە تا شانۆ بەپیـرۆز نەکەیـن، وەک دامەزراوێکـی کولتـووریی و ئەخلاقـی، نـاتوانین ئەو دامەزراوە لەکۆمەلگـادا بەکولتـوور بکەیـن، بەکولتـوورکردن کۆمەلگـا دەبێـت هەسـت بکـات شـانۆ بەشـێکە لەژیـانی ئەو، کە شـانۆی ئـێمە تائێسـتا نـامۆبووە بەو کۆمەلگـایە، ئەویـش لەنـاڕوونی گوتـارە شـانۆییەکەو شـێواندنی وێـنەی شـانۆکار، جـگە لەوەی شـانۆمان لەتاکرەهەنـدی رەسـەنایەتی سـەیرکردوە، لەوەشـدا کەلەپورمـان تیـا نمایش کردوەو ناومان نـاوە کولتـوور، کە دیـارە لەکۆمەلناسـیدا بـاس لەوە دەکرێت کەلەپور بەشێکە لە کولتوور، بەلام کولتوور بەشێک نیە لەکەلەپوور، کەلەپوور میراتێکی ڕابردووە، هەرچی کولتوورە لەئێستاو داهاتوە، ڕابردووش بەشێکە لە کولتوور، ئەوە کێشـەی مەعـریفەیە کە گوتـارە شـانۆیەکەمانی بەنـاوی شـانۆی کـوردی لەنـاو کەلەپـوور

خنکانــدووه، ئەوانیتــریش لەنــاو گوتــارێکی ئایــدیۆلۆژی شــانۆیان کاڵکردۆتەوە.

نمایشـەکانی شـانۆی شـەقام هەوڵێکـی تـرە بـۆ بەئایـدیۆلۆژیاکردن و گەڕانەوەی درووشم، درووشم ڕووبەرێکی داخراو بە زمان دەبەخشـێت، دەیالۆگ دەکوژێـت و کۆمەڵگا هـونەرێکی زینـدوو نابینێـت، هێنـدەی هــاوارێکی داخــراو دەبیســتێت کە ئەکــتەر نــوێنەرایەتی فاشــیزمی ئایدیۆلۆژی و کپکردنی دەنگی کۆمەڵگا دەکات ئیدی کۆمەلگا ئەوی بــۆچیە و پیــرۆزی ئەو شــانۆ مــردووە لەکوێــدایە، هەتــا بەیــانی بەقسـەکردن بینـەر بەشـداری پـێ بکەیـت، بەلام بینـەر دەزانێـت تـۆ بەشـداری ئاخـاوتنێکی مـردووی لەگەل دەکەیـت، کە لەگەل کۆتـایی نمایشــەکە، ئەویــش وەلامەکــانی کۆتــایی دێــت و پرســیارێکی لەلا ناخولقێت، چونکە نەپرسیارت تیا خولقاندووە، نە وامان کردووە شانۆ بەشێک بێت لەژیـانی ئەو تەنیـا هەڵچوون و گرژیەکانیمـان هێنـاوەتە قسەکردن.

گفتوگۆکردن لەبارەی نمایش کە خاسیەتی سەرشـەقامی هـەیـە زادەی مەعریفــە نیــە، بــەڵکو پەیوەنــدیی بــە نەزانینــەوە هەیــە، ئــەو دەستەواژەیەی پێمان دەلیت "ئەو نمایشە شانۆی سەر شەقام نـەبوو" مانـای وانیـە قسـەکەر خـاوەن مەعریفەیـەکی شـانۆییە، بـەڵکو ئـەوە دەردەخــات ئــەوەی قســە دەکــات بێئاگــایی خــۆی لــەناو زمانــدا بەیاندەکات، ئەوە تۆمەتێک نیە بۆ ئەو هاوڕێیانە داییتاشین، هێنـدەی پەیوەستە بە تراژیدیای مەعریفەوە، تراژیدیای مەعریفـە بێئاگاییـە لـە مەعریفـە، ئــەو شــانۆکارانەی هــەڵگری ئــەو بێئاگاییــەن، لــەتویت و

کۆمێنتێکتـدا دەیانـەوێ بانگەشـەی مامۆسـتایی بکـەن، پێویسـتیان بەوەیە جـارێ فێـربن و بێـدەنگ بـن، بەداخـەوە ئـەو نەزانینـە هێنـدە دووبارە بۆوە، ناچاری کردین بێینە دەنـگ، بەدڵنیاییـەوە ئـەوە کـاری کەسانی وەک ئێمەیە، ئەو جەهلەی دەمامکی مەعریفەی کردۆتە سـەر خۆی بەئاگای بێنینەوە، کەوا ئەوەی دەیلێیت مەعریفە نیە جـەهلێکی نـاو تراژیـدیای مەعریفەیـە، بۆیـە ئـەو یەقینـەی نـەزانین دەخەینـە پرۆسەی گومانەوەو پرسیاری ئاراستە دەکەین:

شـانۆی شـەقام چیـە؟ مـن گومـانم لـەوەدا نیـە ئەوانـەی بەنمایشـێک دەڵێن ئەوە کاری شەقام نەبوو، ناتوانن پێمـان بڵـێن شـانۆی شـەقام چیە و دەبێت خاسیەتەکانی چیبن، بەهۆی ئـەوەی چەنـد ووشـەیەکی زارەکیان بیستووەو لە دەم بۆدەم لەیەکتری وەردەگرنەوە.

کۆمـەڵگای سۆفسـتایی کۆمەڵگایـەک کـە قسـە دەکـات و نانووسـێت، نەزانین بە زانین ناو دەبات، بۆیە ئەوەی لە ئاخاوتن دەیبیستێت وەک لـۆژیکی مەعریفـە سـەیری دەکـات، لۆژیکێـک پەیوەسـتە بەتراژیـدیای مەعریفـەوە، بـۆ ڕەخنـەگرتن لـەو لۆژیکـەو خوێندنـەوەی ئـەو گوتـارە شانۆییەی نـاوی دەبـات بـە شـانۆی شـەقام، لێـرەدا پشـت بـە تێـزی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ژاک دیریدا دەبەستین.

دیریدا کە ڕەخنـە ئاراسـتەی سـێنتەر دەکـات، ئـەوە دەخاتـە ڕوو کـە پێویســتە ســێنتەر هەڵبوەشــێنینەوە، لێــرەدا دەپرســین: ســێنتەر لەبابەتەکەی ئێمە چیـە؟ هەڵبـەت سـێنتەر شـانۆی شـەقامە، شـانۆی شـەقام کـە گوتـارە شـانۆییەکەمانە، بۆیـە هەڵوەشـاندنەوەی سـێنتەر بەواتای هەڵوەشاندنەوەی گوتاری شانۆی شەقام، ئەوەش پرۆسەیەکە

دەمانباتــە ســەر ئــەو بونیادانــەی ئــەو گوتــارەی تیــا درووســت بــووە، بونیادەکان وەک دیریدا باسی لێدەکات سـێنتەریان نیـە، بونیـاد ئـەو بوونەیــە لــەدەرەوەی ســێنتەرە لــە یــەکگرتنیان لــەناو سیســتمێکی ڕێکخەری دالەکان بوونە بە سێنتەر.

ئەو تێگەیشتنە ڕەخنەییە ئێستا لەئاستی تیۆریی دەگوازینەوە بۆ نـاو پراکتیـک، تـا تراژیـدیا مەعریفیەکـەمان بخەینـە ڕوو، گوتـاری شـانۆی شەقام گوتارێکی درۆزنانەیە، بەو مانایەی کە هەڵگری یەک مانا بێت، بــەڵکو نووســین بــە مانــا دیریدایەکــەی پرۆســەی خوێندنەوەیــە کــە هەڵدەســتێت بــە هەڵوەشــاندنەوەی ســێنتەر، تــاوەکو لــە تاکمانــایی بیگوزاێتــە بــۆ فــرە مانــایی، ئــەوەش لــەپێناو خوڵقانــدنی جیــاوازیی ماناکانە.

شانۆی شەقام میتـۆدێکی دەسـت نیشـان کـراو نیـە، وەک میتـۆدێکی شانۆیی، هێندەی تێزێکە پەیوەستە بە شانۆکار و کولتوورەوە، ئەگەر سەرەتا وەک وێنەیەکی شانۆیی لەناو بیناسازیی شـانۆ بێتـە دەرەوە، ئەوە پەیوەست نیە بە شانۆی شەقام، بەڵکو بیرکردنەوەیە لە شانۆی نــاهۆڵ، بــەڵام ســەرەتا زانســتیەکەی دەگەڕێتــەوە بــۆ تێگەیشــتنە شــانۆییەکانی برێشــت، بــەهۆی ئــەوەی برێشــت پشــتی بەســتوە بــە ماتریالیزمی دیالەکتیکی مارکسی، بۆیە ئـەو تێگەیشـتنە برێشـتیە لـە دوو ئاستدا دەرگای بـۆ نمایشـی شـەقام کـردەوە، ئـەوەش نـەک بـەو مانایەی سـتایلێک بخـوڵقێنین و نـاوی بنێـین شـانۆی شـەقام، بـەڵکو ئـــازادکردنی گوتـــارە شـــانۆییەکە لەلایـــەک و لەلایـــەکیتر گوتـــارە فەلسەفیەکە بوو.

برێشــت کاتێــک دەیــەوێت شــانۆیەکی نائەرِســتۆیی بنیــات بنێــت مەبەستیەتی شانۆ ئازاد بکات لەهەموو بونیادەکانی پێشوو، بۆیە ئەو ئازادبوونە بواری بیرکردنەوەی شانۆیی گۆڕی کە چیتر شانۆ تەنیا بەرهەمی هۆڵی بیناسازیە سونەتیەکە نیە، ئەوە دواتر دەرگای لە ئەزموونی پیتەر بروک و شانۆی زیندوو کردەوە.

ئەگەر ئەوەیان وەک فۆڕمێکی شانۆیی دەربکەوێت، بەهۆی ئەوەی پشتی بەستبوو بە فەلسەفەی مارکسیزم، ئەوە کۆمەکی زۆری گروپە کرێکاری و فێمێنیستیەکانی کرد، کە پشت ببەستین بەو ڕوانینە و شانۆ بەرنە ناو کارگە و شەقام و ئەو شوینانەی چەوساندنەوەی چینی خوارەوەی کۆمەڵکای تیا مومارەسە دەکرێت، لێرەدا کۆمۆنیستەکان ڕۆلێکی گرنگ دەبینن لە ئازادکردنی گوتاری شانۆیی لەناو هۆڵەکان، کە وەک کاری بۆرژوازی و چینە باڵاکان سەیری دەکەن، بەو ڕێگایە شانۆ دەکەنە موڵکی پرۆلیتاریا، ئەوەش دەبێتە فۆڕمی ڕاستەقینەی شانۆی سەر شەقامەکان.

بەبێ ئەوەی شانۆی سەرشەقام بکەنە خاسیەتێکی تایبەتمەند، هێندەی پەیوەستە بە کاری ئەو گروپانە کە لەنێوان کێشەی چینایەتیی و کێشەی ڕەگەزی وەک خەمی مرۆڤی چینی خوارەوە دەخەنە ڕوو، برێشت بۆ خۆشی لەقۆناغی شانۆ تەعلیمیەکەیدا چەند کورتە شانۆنامەیەکی بۆ ئەو شانۆیە نووسی لەوانە شانۆگەری "ڕیفراندۆم" کە باس لە گەمەی سەرمایەداری دەکات کە چۆن لەڕێگەی ڕیفراندۆم دەیەویت پرۆلیتاریا سەر لەنوێ بچەوسێنێتەوە،

بـەڵام سـەرەنجام ئاگـایی چینـی خـوارەوە نیشـان دەدات کـە بـۆ ریفراندۆمەکانی سەرمایەداری نەخێری یاخی بوون دەخەنە ڕوو.
ئەو وێنە مارکسیە بۆ شانۆ وێنەیەکی چینایەتی و ڕەگـەزی بـە شـانۆ دەبەخشێت، دەرگا لەچەندین ئەزموونی جیاوازتر دەکاتەوە، بەتایبەت لـەکۆتایی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم، لەئەزموونـەکانی دەرەوەی بـرۆدوای دەبینـین، هـەر گروپێـک لەسـەر شـەقام هـەلگری خاسـیەتی تایبـەت بەخۆیـەتی لـەگوتاری فیکـری شـانۆکەیان و هـەروەها لەخولقاندنی تیۆریی جوانیناسی شـانۆیی تایبـەت بـەخۆیان، وەک لـە کارەکانی شانۆی کراوەو شانۆی قاوەخانـە، وەک دوو گروپـی شـانۆی شەقام دەردەکـەون، کـە دیاترینیـان ئـەزموونێکی شـانۆی شـەقامیترە بـەناوی شـانۆی نـان و بووکـە شووشـە لـەلایان پیتـەر شـۆمان، ئـەو شـانۆیە ئـەزموونێکی سەرشـەقامە ئـەزموونێک هـەڵگری تایبەتمەنـدی فیکری و شانۆیی و جوانیناسی خۆیەتی، نمایشـەکان چەنـدین بووکـە شووشـەی مـەزنی تیـا بـەکار دێـت لـەناو بینەرانیشـدا نـانی گـەورە لەشێوەی ڕیتواڵ "سرووت" بەشداری بینەری پێدەکرێت، هەر بینەرێک پارچەیەک لە نانەکە دەخوات و دەیدات بـەوەی تەنیشـتی، ئـەو وێنـە ڕیتواڵیـە وێنەیـەکی شـانۆییە بەشـداری بینـەرە لـەتـەک کردەکـانی ئەکتەرو بووکە شووشەکان.
ئەو فۆڕمە جیاوازانە هاوکاتن لەگەڵ ئەزموونێکی گرنگـی شـانۆیی کـە لەلایان ژۆلیان بیـک و ژۆدیـت مالینـا پیـادە دەکرێـت بـەناوی شـانۆی زیندوو، کە کارەکانیان لە شەقام و پێش بالەخانـەی پەرلـەمان و نـاو

زیندان نمایش دەکەن، زۆربەی ئەمریکا و ئەوروپا دەگەڕێن و وەک گروپی گەرۆکی شانۆیی کاریگەری لەسەر نەخشەی شانۆ جێدێلن.

هەر لەو کاتەدا دەبێت پیتەر بروک مانیفێستە شانۆییەکەی بەناوی "شوێنی بەتاڵ" دەنووسێت، کە توانای خوڵقاندنەوەی ڕووبەری کراوەیە بۆ نمایشی شانۆیی، ئەو کتێبە دەتوانین وەک دەروازەیەکی گرنگی شانۆی سەر شەقامەکان پشتی پێ ببەسترێت.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین، خاسیەتەکانی شانۆی شەقام بەندە بە تێگەیشتنی گروپە شانۆییەکانەوە بۆ چۆنیەتی خوڵقاندنی شانۆی ناو هۆڵ، ئەوەش خوێندنەوەی شانۆکارە بۆ کولتوور، واتە بەپێی خاسیەتە کولتووریەکان هەلگری گوتارێکی شانۆیی فیکریی دەبێت، وەک چۆن لە وڵاتێکی وەکو ئێران بەپێی خاسیەتی کولتووریی کۆمەڵگای ئێرانی هاتوون فۆڕمی شانۆی شەقامی ئێرانیان خولقاندووە، ئەو فۆڕمە لەلای شانۆکارانی باشور بووە بە فۆڕمی شانۆی شەقام کە لەبنەرەتدا فۆڕمێکی ئێرانیە، لەبەشێکی تری ئەو کتێبە لەسەر ئەو کاریگەریە قسە دەکەین.

ئێستا لە هەلوەشاندنەوەی سێنتەری گوتار، ئێمە ناتوانین بڵێین ئەو نمایشە شەقامە و ئەویتر شەقام نیە، چونکە بونیادە هەڵوەشاوەکان بریتین لەفۆڕمە جیاوازەکان، بۆیە تۆ تاکە مانایەکت نیە ناوی بنێیت شانۆی شەقام و بەویتر بلیی شەقام نیە، ئەوە فرە مانایی شانۆی شەقامە، ئەوانەی یەک فۆڕم بە شەقام دەبەخشن، لەڕاستیدا لەناو تراژیدیای مەعریفە دەژین، گرفتەکە لەوێیە، ئاخۆ سیستمی ڕێکخەری گوتاری نمایش شانۆگەریەکی ئاست نزم نیە؟ ئەوە لەهۆڵ نمایش

بکرێت یان له شەقام شانۆیەکی ئاست نزمه.. ئەو شانۆگەریانەی که دەڵێن بۆ شەقام نابن، لەڕاستیدا بۆ شەقام دەبن، بەڵام هۆکاری پشت نمایشکردنی ئەو شانۆگەریه لەشەقامدا چیه؟ ئاخۆ گوتارێکی فیکریی ئامادەبوونی هەیه، ئامادەبوونی فیکر وەک ئەو نمونەیەی لەشانۆنامەکەی برێشت هێنامانەوە، یا وەک نمونەکەی شۆمان، ئەگەر ئەوەمان نەبوو، واته دیسان نەزانین نمایشەکانمان پێ دێنێته شەقام. کەواته کێشەکه لەنمایشی سەرشەقام نیه، بەڵکو کێشەکه لەنەبوونی شانۆیه، سەرەنجام بینەرەکانی شانۆی شەقام، وەک بۆنەیەکی دەگمەن و ساڵانه سەیری فێستڤاڵەکان دەکەن، که ئەو بینەرانه درکی ئەو ڕاستیه دەکەن، ئەوان کۆمەڵگایەکن شانۆیان نیه، نمایشەکانیش وەک دیمەنی خێرا دەبینن، شانۆکارانی ئەو فێستڤاڵانه دەبێت درکی ئەوە بکەن گرفتی ئەوان لەوەدا نیه نمایشەکانی هاورێکانییان شەقام نیه و هی ئەوان شەقامه، بەڵکو گرفتەکه ئەوەیه کاتێک تۆ ساڵانه لەفێستڤاڵەکان بیر له شانۆ بکەیتەوە، کێشەکه لەنەبوونی بزووتنەوەیەکی شانۆیی بەردەوامه که تیایدا مەعریفەی شانۆکار بتوانێ کاریگەری لەسەر مەعریفەی بینەر جێبێلێت تاوەکو شانۆ ببێت به بەشێک لەژیانی کولتووریمان، ئەوەش لەکاتێکدا دەبێت بینەر هەست بکات نمایشی شانۆیی توێژینەوەی کۆمەڵناسیانەیه لەبارەی ژیانی ئەودا، نەک سەپاندنی کۆمەڵه ڕوانینێکی پێشوەخت بۆ ڕووداوێک و یاخود چەند هاوارێکی تووڕە لەبارەی دیدێکی دەست نیشان کراو.

ئێمـە چـۆن سـەیری توێژینەوەیـەکی کۆمەڵناسـیانە دەکـەین دەبینـین ژیانی فەرهەنگی و کولتـووریی مرۆڤـەکان لێـی دەکۆڵدرێتـەوە دەبێـت نمایش ئاوا سەیری ئـەو پەیوەندیانـە بکـات، لێـرەوە هـەموو کەسـێک نابێـت بـە نووسـەری شـانۆنامە، چونکـە تـەنیا نووسـینی دەیـالۆگ و چیرۆکێک نیە، بەڵکو شانۆنامە دەبێت لەهەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و شانۆیی چیرۆک بخولقێنیت.

کولتـوور و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکان نمـایش کردنـەوە نیـە لـەناو نمایشـدا، بـەڵکو چۆنیـەتی خولقاندنەوەیـە بەمەبەسـتی نووسـینەوەی مانای نوێ، مانایەک توانای کرانەوەی بەسەر مرۆڤدا هەبێت، کە چۆن لــە ســاتەوختی ئێســتای بــەرەو داهــاتوو هــەنگاو دەنێــت، ئــەوە قورسکردنی شانۆ نیە، هێندەی بەمەعریفەکردنی شانۆیە، تێگەیشـتنە لە جومگە و پێکهاتە کولتووریەکانی کۆمەڵگا، تـا تێبگـەین نووسـینی شانۆنامە کارێکی هێندە سانا نیە، هەموومان پەنای بۆ بەرین وابزانین هــەر هێنــدەی چیرۆکێکمــان نووســیی و کۆتاییــەکمان بـۆی دەســت نیشانکرد ئیدی بووە بە شانۆنامە و ئێمەش بووینە بە شانۆنووس.

تێکســتی شــانۆیی پێویســتی بەوەیــە نووســینەوەی پەیوەندیــە کۆمەڵایەتیەکانمان بێت، نەک نمایشکردنەوەی ڕووداوێک و گێڕانـەوەی چیرۆکێک، تا ئەو ئاسـتەی نمـایش ببێـت بـە کۆمـەڵگای ڕاسـتەقینە، کۆمەڵگایـەک سـیما کولتـووریی و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکانی تیـا بخوێنرێتەوە، گەر ڕووبەرووی ئەو دەستەواژەیە بووینەوە

"ئەوە قورسکردنی شانۆیە و گەر وابێت بە زەحمەت دەتوانین نمـایش درووست بکەین"

ڕێک مەبەستەکەی منیش ئەوەیە، شانۆ لەوە ڕسواتر نەکەین و هێندە داینەبەزێنینە ئاستی هەرزەکاری کارکردن، شانۆی بێ تیۆر و شانۆی بێ مەعریفە، هەر نمایشی وا ئاست نزم دەخوڵقێنێت، کە کەسمان بڕوامان پێی نامێنێت و قسەمان دەبێتە مەرگی شانۆ لەکۆمەڵگادا.

مەرگێک کەوتنی بەهاکانە لەناو نمایشدا، بەواتای چەندە دەسەڵات وێنەیەکی نێگەتیف بۆ کەوتنی کۆمەڵگا و بێ ئیرادەکردنی دەخوڵقێنێت، نمایشەکانیش بەهەمان ئاست بەشداری لەو کەوتنە دەکەن، بۆیە لەو کاتەدا شانۆ لەدامەزراوێکی کولتووریی دەبێت بە دامەزراوێکی ئایدیۆلۆژی بۆ کەوتنی بەها کۆمەڵایەتیەکان.

لێرەدا پێویستە چەمکی بەها لەگەڵ نەریت تێکەڵ نەکەین، بەها بەشێکە لە ئەخلاقی مرۆیی، هەرچی نەریتە ئەو ئەخلاقە ڕابردووخوازەی ناو کولتوورێکە کە لە ڕابردووەوە بۆ مرۆڤەکان لەئێستادا درێژ بۆتەوە.

کەوتنی بەها دەبێتە ئینتیماکردنی ئەخلاقی بۆ ناو نەریت، لێرەدا ئەخلاقی مرۆیی هاوواتا دەبێتەوە بە ئەخلاقی نەریت، ئەوەش هەموو خەسلەتێکی کولتووریی لەشانۆ وەردەگرێتەوە، کەلەپوور لەشوێنی کولتوور کاری خۆی دەکات، لێرەوە کۆمەڵگا تێدەگات شانۆ هیچ ڕۆڵێکی لەژیانی فەرهەنگی ئەو نیە تەنیا چیرۆکە کۆنەکان کە مەعریفەی شانۆ مەعریفەی بینەرە، شتیکی نوێ نیە شانۆ بۆی کەشف بکات، بۆیە لەناو ڕابردوویەکی خنکاو ماوەتەوە، ئەوەش هۆکارێکی لەکارکەوتنی شانۆیە لەڕێگەی کەوتنی بەها، کە بەتەنیا بەهای کۆمەڵایەتی پەکناخات، بەڵکو بەهای شانۆو کولتووریش لەکار

دەخات و پەیوەندیەک نامێنیت لەنێوان شانۆ وکولتوور، رێک وەک ئەو دۆخەی لەفێستڤاڵی شانۆی شەقام دەیبینین.

شانۆکار پێویستە وەک کۆمەڵناسێک دەربکەوێت کە چۆن پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەخوێنێتەوە، ئەو کائینێکی کۆمەڵناسیە.. ئەوەش لە تیۆرەکەی لۆفنتال بەقەیرانی رۆشنبیر ناو دەبرێت.

ئێستا ئێمە لەو قەیرانە دەژین کە قەیرانی دەرهێنەر وەک کۆمەڵناسێکی شانۆیی، لۆفینتال بڕوای وایە بۆ بیرکردنەوە لە ڕەخنە دەبێت تاک ئازاد بێت، ئازادبوونی تاک لەناو نمایشەکانی سەرشەقام کارێک نیە بوونی هەبێت تا لەگەڵ بینەر بەشداری گوتارێکی کولتووریی بکات، بەڵکو هەموو لەناو سیستمی کۆنترۆلکراو پالبەندی دۆخێکن کە گەمەیەکیان خولقاندووە، گەمەیەکی سواو بەبیانوی بەشداریکردنی بینەر هەندێک قسە لەگەل بینەر بکەن، بەلام قسەگەلێک نین توانای بەشداری کردنیان هەبێت لەگۆڕینی مانا.

مانای نمایش و مانای بینەر بەشداری یەکتری ناکەن تاوەکو مانای سێیەم بێتە بوون، ئەوەش لەکۆمەڵناسیدا بە ئاگایی ڕەخنەیی ناو دەبرێت، کاتێک تاک بیرکردنەوەی ئازاد بێت، ناچێتەوە ژێر هەیمەنەی حزب و دەسەلات و هێزی ئابوری.

لۆفینتال لەتیۆرەکەیدا قسەی زیاتر لە بازاری ئازادە، ئەو بازارەی ئەمرۆ ڕووبەرووی قەیرانی ڕۆشنبیری کردووینەتەوە، دیارە ئەو بازارە ئەمڕۆ کە هەڕەشە لەژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە دەکات، نەبوونی شانۆکار لەشانۆدا وەک کائینێکی کولتووریی دەتوانین قەیرانی ئەو ڕۆشنبیرە ناو بەرین بە قەیرانی شانۆکار وەک کۆمەڵناسێکی شانۆیی، قەیرانێکە

هۆکـاری مـەرگی شـانۆیە لەکۆمـەڵگادا، مـەرگێک چەنـدە مانایـەکی ڕەمزیی هەیە بۆ مردن، لەهەمان کاتدا ناوبردنی کۆمەڵگای کوردیە بە کۆمەڵگای بێ شانۆ.

ئێمـە لەبەشـی پێشـووی ئـەو ووتـارە باسـمان لـەوە کـرد کـە چـۆن فەلسەفەی مارکسیزم کاریگەری بەسـەر نمایشـەکانی سـەر شـەقامەوە هەیـە، بۆیـە لـەبوونی ئاسـتی مەعریفـەی کۆمەڵناسـی شـانۆییمان دەتـوانین کۆمـەکێکی زۆر وەربگـرین لـەتیۆری بونیادگـەری پێکهاتـەی گۆڵدمانی.

بـەو پێیـەی گۆڵـدمان لەرێگـەی گەڕانـەوەی بـۆ مـارکس دەیـەوێت کۆمەڵناسی شانۆش بخوێنێتەوە، هەڵبـەت گۆڵـدمان ڕاسـتەوخۆ ئـەوە بە کۆمەڵناسی شانۆ ناو نابات، بەڵکو بـاس لـە کۆمەڵناسـی ئـەدەبی دەکـات، بـەڵام کۆمەڵناسـی شـانۆ وەک لقێکـی کۆمەڵناسـی ئـەدەبی سەیر دەکات.

تیۆرەکـەی گۆڵـدمان بـۆ ئێمـە بەتایبـەت لـەو کارانـەی لەشـەقامدا ئەنجامیان دەدەیـن فریادڕەسـێکی گرنگـە چونکـە دەیـەوێت شـانۆ لـە ئایدیۆلۆژیاوە بەرەو کۆمەڵناسی بێنێت، بەتایبـەت لەسـەر فەلسـەفەی مارکس و خنکاندنی لەناو ئایدیۆلۆژیادا بـاس لەخوێندنـەوەی بونیـادە کۆمەڵایەتیەکانی دەکات.

ئێمە لەلای گۆڵدمان درکی ئـەو حەقیقەتـە دەکـەین کـە چـۆن توانـای وێنـاکردنی دەقێکـی شـانۆیی نوێمـان دەبێـت.. دەقێـک وێنەیـەکی زیندووی کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگای کـوردیی بێـت، ئـەو دەقـە "نمـایش" ئاشناکردنی بینەرە بە ڕەهەندە کۆمەڵناسیەکەی کۆمەڵگای کوردیی.

گرفتی ئێمە لە شانۆدا هەمیشە کارکردنە لەتەک ئاستی دەروونی کارەکتەر لەشانۆی واقیعی دەروونی ستانسلافسکی، کاتێک دێینە شەقامیش هەر پشت بەو ئاستە دەروونیە دەبەستین، بەڵام گۆڵدمان و لۆفینتال وەک دوو کۆمەڵناس دەتوانن شانۆی ئێمە لەو ئاستە دەروونیەوە بەرەو ئاستە کۆمەڵایەتیەکەی بێنن، کە دیارە نمایشەکانی سەر شەقام و فێستڤاڵەکەمان پێویستیەکی زۆری بەوەیە، بۆیە کاتێک دەڵێین کێشەی سەرەکیمان لە مەعریفەیە، کێشەکان لێرەوە دەست پێدەکەن، ئێمە باسی کۆمەڵگا دەکەین بەبی ئەوەی یەک کتێبی سەرەتایی کۆمەڵناسیشمان خوێندبێتەوە، باس لەکێشەکانی کۆمەڵگا دەکەین و نازانین دۆرکایم کێیە.. باسی ئاستە دەروونیەکان دەکەین و هێشتا خوێندنەوەی فرۆید بۆ شانۆ بە پێویست نازانین.. تورەمان بکەن دەڵێین ژاک دیریدا و ژۆلیا کریستیفا دوو فەیلەسووفن و پەیوەندیان چیە بە شانۆوە.. قسە لە شانۆی کلاسیک دەکەین و ئاگامان لە هیگل و ئەفلاتون نیە بۆ ئەو شانۆیە.. ئەوەیە کێشەی مەعریفە.. تۆ بەر لەوەی بە پەلە پەلی گەڕانی گۆگل بچیت بەدوای وتارێک لەبارەی شانۆی شەقام، پێویستت بەوەیە لەسەرچاوەو بنەچەکەی شانۆ وەک هونەر و وەک فەلسەفە وکۆمەڵناسی فێر بیت، بۆ ئەوەی بزانیت چۆن پرۆسەی داڕشتنەوەو خوڵقاندن دێنیتە بوون، گەر بڕوات بەوە نەبێت حاڵی شانۆکەمان هەرگیز لەو ساتەوەختە نەخوێندەواریەی ئێستا باشتر نابێت.

ئێستا کاتی ئەوەیە لەسەر پەیوەندیی ئەکتەرو دەرهێنەر لەتەک کۆمەڵگا و کۆمەڵناسی زیاتر دەوەستین، تا خەوشە نائاگاییەکەی

خوێندنەوە ببەینە ئەو ئاستی نەزانینەی کە ئـەوە پرسـیارە گرنگەکـە نیە: بۆچی ئێمە خەڵات نابەینەوەو نمایشێکیتر بردی؟ بۆ کاری ئیمـە نمایشی شەقام نەبوو؟ کـەچی ئەوانـەی تـر کـە خـەلاتیان بـرد کـاری شەقام بوو؟

بــە بــڕوای ئێمــە لــە لاپــەڕەکانی پێشــوو لەســەر ئــەو پرســیارە هەڵوەستەمان کرد، بەڵام ئەوەی ئێسـتا بـۆ ئێمـە گرنگـە چارەسـەری ئیشـکالیەتە مەعریفیەکـە و قسـەکردنە لـەهۆکاری مـەرگی شـانۆ وەک وێنەیەکی گشتی، کە شانۆی شەقام تـەنیا وێنەیـەکی خـۆ فریـودەری ڕاکــردووە تــا خۆمــان لــەو مەرگــە بدزینــەوە، بــەو بیــانووە خــۆ هەڵخەڵەتێنەرەی کە کاری شەقام ئاسانتر بێت لەکاری ناو هۆڵ، وەک چۆن پێشتر پەنابردنە بەر مۆنۆدراما بـەو هۆکـارە بـوو، وەک ئـەوەی مۆنۆدراما لەکاری فرە ئەکتەری ئاسانتر بێت.

گرفتــی ئێمــە لــەوێوە دەســت پێــدەکات کــە خــەمی بنیاتنانــەوەی بزووتنەوەیـەکی شـانۆیی چالاکمـان نیـە، بـەڵکو لەخـەمی وەرگرتنـی خەڵاتی فێستڤاڵەکانین، شانۆ کێشەی ئێمە نیە، چونکە کێشەی شانۆ کێشەی مەعریفەیە شانۆی ئاست نزم شـانۆیەکە خاڵیـە لـە مەعریفـە، تەنیا بیر لەناو گەورەکردن و خەڵات دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کارەکتـەری لە کاغەزو وەهمی درووسـت بکـات، بۆیـە سـەیر نیـە شـانۆکارانێکمان هەیە شانۆکاری تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانن ئەوە خۆیـانن خۆیـان کـردووە بە پاڵەوان، کە کارەکانیان یـان نـابینرێن، یـاخود لەئاسـتێکی هێنـدە نزمە بنەمای سادەترین کاری هونەری تیا بەدی ناکرێت.

پاڵــەوانی تــۆڕە کۆمەڵایەتیــەکان پاڵــەوانی دۆنکیشــۆتین کــە بــە شمشێرێکی دارینەوە شــەڕی دنیـا دەکـەن، خۆیـان وەک جـوانی وێنـا دەکەن و توانای بینینی جوانی ئەوانیتریان نیە.

دۆنکیشـۆتی فێسـتڤاڵەکان لـەکوێرەکانی میتــەرلینگ دەچـن، هـاوار دەکــەن "کارەکــەی ئــەوان شــەقام نــەبوو" ئــەوە نــەبینینی جــوانی ئەوانیترە، وەک ئەوەی کۆی کارەکانی تر شـەقام بـوون، مـن کێشـەم لەوە نیە کە کـام نمـایش شـانۆی شـەقامە، بـەڵام کێشـەی سـەرەکیم لـەوێوە دەسـت پێـدەکات، ئەوانـە نابنـە نماشـی شـانۆیی هـەر لـەناو هــەڵچوون وگێڕانــەوەی سەرشــەقام دەمێننــەوە کــە نابنــە شــانۆ. بـا کارەکەت شانۆی شەقام نەبێت، بەڵام شانۆ بێت، کە شانۆ نـەبوو بـە عــار و شــەرمەزاری خۆتــەوە دانیشــە و قســە لەســەر کــەس مەکــە، بەتایبەت بۆ کەسانێک کە وا تێدەگەن ئەوان دەبێت لەهەموو شـێوازو میتۆدەکان کار بکەن، بەبێ ئەوەی ڕۆژێک لەخۆیان پرسی بێت میتۆد چیە؟ جیاوازی لەگەڵ تیۆر چیە؟ تۆ تا جیاوازی ئـەو دوانـە نەکـەیت هەر ڕۆژەی بە شێوازێک بیر لەکارکردن مەکەوە پێویستت بە پسپۆڕی و تێگەیشــتنە لــە مەعریفــە، مەعریفــە بــە پۆســتی دوو دێــری تــۆڕە کۆمەڵایەتیــەکان ناخوڵقێــت، مەعریفــە زادەی کتێبخانــەی گــەورەو خوێندنەوەو شەونخونیە، ئەوسا دەبێت بزانیت تـۆ ئینتیمـا بـۆ میتـۆد دەکـەیت یـان دەتـەوێت خوێندنـەوەی ڕەخنـەییت بـۆ میتـۆد هـەبێت، بــەڵام ئــەوە پێویســتی بــە ئارامگریــە نــەک هەڵپــەی کــارکردن لــە فێستڤاڵەکان.

ئەوە قسەیەک نیە ئاراستەی کەسێکی نیشان کراوی بکەین، بەڵکو ڕووی دەممان لەهەموومانە، کە لەمنەوە دەست پێدەکات تا ڕێکخەرانی فێستڤاڵ و تەواوی شانۆکاران.

دەرکەوت ئەوە تێگەیشتن نەبوو لەشانۆی شەقام لە پێنج خولدا بەرەو رووی ڕۆیشتین و کارمانکرد، ئەوە تێگەیشتن بوو لە سادەکردنەوەی شانۆ بەو ناوەی کە ئەوەمان پێدەکرێت، بیرۆکەیەکمان دەبێت و لەکاتی نمایش گەشەی پێدەدەین، ئەوە شەقامە هەرچی بیلێین ئاساییە، ئەو تراژیدیا مەعریفیە ڕزگارکردنی شانۆ نیە، هێندەی داننانە بە مەرگی شانۆ، مەرگێک لەشەقامەکان دڵنیایی دەدەینە یەکتری.

تراژیدیای مەعریفە خولْقاندنی جەهلە لەناو نێوەندی شانۆییمان، تێنەگەیشتنە لە تێکستی شانۆگەریەکان وەک تێکستێکی مەعریفی کە زادەی بنیاتنانی دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بێت، ئەو هاوکێشەیە چیە نمایش پشتی پێدەبەستێت لەنێوان تێکست و دەرهێنان و ئەکتەر؟ بینەر دەکەوێتە کوێی ئەو هاوکێشەیە؟ ئایا ئەکتەر کائینێکی زیندووە بەهۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ لەبینەر نزیک دەبێتەوە؟ یاخود ئەوە تێکستە فرمان بە جولەو دەیالۆگەکانی ئەکتەر دەکات؟ لەو کاتەدا ڕۆڵی دەرهێنەر چیە؟ بەواتایەکیتر جیاوازی دەرهێنەرو ئەکتەری سەر شەقام لەشانۆی ناو هۆڵ چیە؟ بەو واتایەی ئەوانە کە نمایشەکانیان دێننە سەر شەقام چ وەزیفەیەک گۆڕانکاری تێدەکەوێت؟

ئـەوەی لەزۆربـەی نمایشـەکانی سـەر شـەقام لەکوردسـتان دەیبینـین هاوکێشەکەی کردووە بە "تێکست+ئەکتـەر+ دەرهێنـەر"، بـەو مانایـەی ئەکتـەر نیـە تێکسـت ڕادەکێشـتە نـاو ڕووداوەکـان ئـەوە تێکسـتی نووسراوە ئەکتەرو بینەرو دەرهێنەر بـەرەو لای خـۆی دەبـات، لێـرەوە نووسـەری تێکسـت دەبێـت تێکسـت وەک ئـەو مانـا کریسـتیڤاییە "مەبەست لە کتێبی زانستی دەقی ژۆلیا کریستیڤایە" بەرەو زانسـتێک بەرێت کە ڕووبـەری ناسـینی کۆمـەڵگا و پەیوەندیـە کۆمەڵایەتیـەکانی بێت، لەپڕ مرۆڤێک قووت نەکاتەوە کـە بـێ یـادەوەری و بـێ شـوناس بێت، تەنیا وەک گالتەجارێک یان واعیزی درووشم دەربکەوێـت، ئـەوە وا دەکات زەمینەی نمایش هەرەمەکیـەت بیخوڵقێنیـت، ئەکتـەر لـەناو کارەکتـەردا ئـەزموونی غەیبانیـەت بژیێـت، ئـاخۆ دەرهێنـەر لـەنێوان هەرەمەکیەتی نووسین و غەیبانیەتی کارەکتەر چی لەنمایش دەکات؟ ئاخۆ ئەوە بڕوای دەرهێنـەرە بـە تێکسـت؟ کەواتـە لـەو کاتـە دەبێـت دنیای نووسین بگوازێتـەوە بـۆ دنیـای بینـین و بـەمرۆڤکردنی ووشـە، ئەگەر بڕوای دەرهێنەریش نیە بـە تێکسـت چـی وای لێـدەکات بـەرەو ئەو تێکستە هەنگاو بنێت؟ نەبوونی تێکست؟ ئەوە بەشیکی تری ئەو تراژیدیا ترسناکەی مەعریفەیە، بۆیـە دەبێـت بـۆ بەشـدارینەکردن لـەو تراژیدیایـە بێـدەنگی و کارنـەکردن هـەڵبژێریت نـەوەک تێکسـتێک کـە پەیوەست نەبێت بە ژیانی کۆمەڵگایەک بەڵکو وێنەیـەکی کاریکـاتۆری لەشەقامدا بە کۆمەڵگا ببەخشیتەوە.

کەواتــە لــەو دنیــا کۆمەڵناســیەدا دەبێــت ئەکتــەر چ ڕۆڵێکــی لــەناو کۆمەڵگای نمایش هەبێت؟ ئەی دەرهێنەر لەشـانۆی شـەقامدا کێیـە و وەزیفەکەی چیە؟

ئەکتــەر ودەرهێنــەر کاتێــک لەشــەقامدان یــەکێکیان کــە ئەکتــەرە ڕاستەوخۆ وەک تـاکێکی نـاو کۆمـەڵگا نوێنەرایـەتی کۆمـەڵگا ناکـات، بەڵکو وەک بەشێک لـەو کۆمەڵگایـە نمایشـی شـانۆیی بـۆ دەکـات بـە ئاهـەنگی کولتـووریی، ئـەوەش گـۆڕینی نمایشـە لەهەسـتی سـادە بـۆ بەخشینی ماناکان کە شانۆ بۆ خۆی وەک ناسینێکی کۆمەڵایەتی مانـا بــە کۆمــەڵگا ببەخشــێت، کۆمــەڵگا هەســت بکــات شــانۆ وێنــە ڕاستەقینەکەی ژیانی ئەوە.

لێرەدا ئەکتەر و بینەر ئەو دوانەن کە کۆی کۆمەڵگا پێکدێنن، بەهۆی ئەوەی ئێمە کێشەی مەعریفەمان لەشانۆدا هەیە، نەک تـەنیا لـەبوونی سەرچاوەی شانۆیی، بـەڵکو لـەبوونی زانسـتە مرۆییـەکانیش، زانسـتە مرۆڤایەتیەکان کە هاتنە ناو شانۆ ڕووبەری فراوانی بە گوتـاری شـانۆ بەخشی، ڕووبەرێک کە تا ئەمڕۆ شانۆکاری کورد وەک نا پێویستیەک سەیری دەکـات، هـەر کاتێـک باسـمان لـە پەیوەنـدیی نێـوان شـانۆ و زانستە مرۆڤایەتیەکان کردبێت شانۆکارانێک وەک گاڵتەجاری سەیریان کـردووە، ئـەمڕۆ ئێمـە وەک گالتـەجاری سـەیری نمایشـەکان ناکـەین، بـەڵکو خەمبارانـە دەنووسـین ئـەوەی ڕوو دەدات لـە شـانۆی شـەقام بێئاگاییـە لـەو پەیوەندیـە، تـۆ بـۆت هەیـە گاڵتـە بکـەیت.. نوکتــە بگێڕیتەوە.. بەدەنگی بەرز قاقا لێ بدەیت، کاری منیش ئەوەیـە پێـت بلێم قۆشمەچی کەمێک بێـدەنگبـە خـۆت سـەرگەردانی سـەر لـەوانیتر

مەشێوێنە، لەشکرێک بەناوی مامۆستاو زاناو دانای شانۆ هۆکاری ئەو سەرگەردانیەن، نەک نەوەیەک کە ئەمڕۆ هاتووە شانۆ بکات و فێرکراوە شانۆ بریتیە لەو مەعریفەیەی ئەوان پێیان وتووە، بۆ ئەوەی واز لەو برینە بێنین هەر کاتێک دەکولێتەوە خوێنەکەی لەهەمووماندێت، بۆیە دێینە سەر چۆنیەتی وەستانی ئەو برینە و ئەو بیمارستانە چیە کە توانای چارەسەری جەستەی نەزیفی شانۆکەمانی هەیە.

بۆ ئەو مەبەستەش لەڕوانگەی پەیوەندیی نێوان شانۆ و زانستە مرۆڤایەتیەکان باس لە ئەکتەرو دەرهێنەر دەکەین لەشانۆی شەقامدا. ئەکتەر بەشێکە لەبینەر لەو پرۆسەیەدا، بۆیە چارەسەری ئێمە بۆ ئیشکالیەتی شکستی ئەو پەیوەندیە زادەی دوو زانستە کە لێرەدا دەیهێنینە ناو باسەکەوە، ئەوانیش: کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا) و مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژیا).

شانۆ کولتوورە.. بۆیە ئەکتەر ئاهەنگسازی ئەو کولتوورەیە، کولتوور بەو مانایە نا کە میراتی ڕابردوو، بەڵکو بەو واتایەی لەئێستادا بوونی هەیە و لەداهاتووشدا دیسان وێنای ژیان دەکات، کێشەی ئێمە لە بەکولتوورنەبوونی شانۆ پەیوەستە بەو هۆکارەوە شانۆ لەئێستامان نیە، بینەر هەست ناکات شانۆ بوونی هەبێت، ترسی لەناوچوونی یەکجارەکیش ترسی شانۆکارانی جدیە، ئەوە ترسی بینەر نیە، چونکە بینەر دەزانێت کە کولتوور نەبێت بوونی نابێت، ئەوە تەنیا میراتی حەزی کارکردن بوو، وەک دەستەواژەی "حەفتاکان سەردەمی زێڕینی شانۆ" ئەو دەستەواژەیە میراتێکە لە داهاتوو دەبێت بە فۆلکلۆر، بەڵام هەرگیز نابێت بە کولتوور. ناوبردنی شانۆ بە کولتوور، مەبەست

لەساتەوەختی بزووتنـەوە شـانۆییەکـەی خۆمـان نیـە، بـەڵکو شـانۆیە وەک هونەرێک کە بۆ خۆی مەعریفە بەرهەم دێنێت، لەژیاری گریکیـدا لە ململانێیە لەگەڵ فەلسەفە و لەکۆتاییـەکانی سـەدەی بیستەمیشـدا، کاتێــک کــورد بــاس لەمــەرگی شــانۆ دەکــات، ئــەوە شــانۆیە فەیلەسووفەکانی ڕاکێشاوەتە ناو خـۆی کـە تێکسـتە فەلسـەفیەکانیان بە شانۆ بنووسن.

تێکست کە لەلای ئێمە نووسینی چەند دەیالۆگێکە، دەبێـت نووسـینی کۆمـەڵگا بێـت توێژینەوەیـەکی کۆمەڵایـەتی بێـت لەشـێوەی درامـادا، دەرهێنەر ئەو توێژینەوە کۆمەڵایەتیـە وێنـا دەکـات بـۆ کۆمەڵگایـەکی بینـراو، ئەکتـەر دەبێتـە سـێنترالی کولتـووریی پەیوەنـدیی نووسـراوی نووسەر و کۆمەڵگای وێناکراوی دەرهێنەر.

لێـرەدا دەرهێنــەر وەک کۆمەڵناسـێک لەپشــت خوێندنــەوەی ژیــانی کۆمەڵگایە، بەڵام وەزیفەی ئەکتەر گەورەترە لە کۆمەڵناسێک، ئەکتەر بەهۆی نواندنەوە وەک کۆمەڵناسێک دەرناکەوێت، هیندەی ئـەو کـاری توێژینــەوەی ژیــانی تــاکخوازی مرۆڤــە لەڕێگــەی مرۆڤناســیەوە "ئــەنترۆپۆلۆژیا" هــەروەها توێژینــەوەی ژیــانی کۆمەڵایــەتی دەکــات "کۆمەڵناســی" بــەواتای ئەکتــەر نمـایش لەئاهــەنگی کولتــووریی دوو زانست بەشداری پێدەکات، بۆیە ئەکتەری شانۆی شـەقام ئەکتـەرێکی بە ئاگایە، ئەکتەرێکی ئارەزوومەنـد نیـە، بـەڵکو پێشـەگەرە، خـاوەنی ئەزموونی کارکردن لەشانۆ و مەعریفەیەکی فراوانی نیـوان فەلسـەفە و شانۆیە، بۆ ئەوەی لەو پەیوەندیـە تێبگـات، کـە ژیـانی تـاک و ژیـانی کۆمـەڵگا دوو ئاراسـتەن لـە نمـایش بەیـەکیان بگەیەنێتـەوە، تـاوەکو

بینەر هەست بکات ئەو خەوشـەی لـەژیانی کۆمەڵایـەتی ئـەودا هەیـە، شکستی تێگەیشتنی کولتووریمانە، دەبێت ژیان لەو وێنە کولتووریـەدا ببینین کە ئەکتەر تیایدا بەرجەستەی دەکـات، لێرەدا شـانۆ دەبێتـە وێنـــەی ڕاســـتەقینەی کۆمـــەڵگا کـــە بینـــەر نمـــایش بـــە کۆمـــەڵگا ڕاسـتەقینەکە ببینێـت، ئـەوەش وای لێـدەکات شـانۆ وەک کولتـووری سەرەکی کۆمەڵگا سەیر بکات.

لـەو کاتـەدا نمـایش کۆمەڵگایەکـە لەڕێگـەی چیرۆکێکـی درامـی کـە بەرجەسـتە دەکرێـت، ئامـادەبوونی بینـەریش کۆمـەڵگای ئامـادەبووی شـوێنە، ئەکتـەر دەبێتـە سـەنتەری کـەناڵی پەیوەنـدیی کارەکتـەری درامـی و ئامـادەبوونی بینـەر، ئـەو وێنـە کولتووریەکـەی کۆمـەڵگا دەگەیەنێتـەوە بەیـەکتر، بـەواتای ئەکتـەر کـاری ئـەنترۆپۆلۆژیای کولتووریی ئەنجام دەدات، کـە بایەخدانـە بـە توێژینـەوەی کولتـووریی وشێوازەکانی ژیانی مرۆڤ و ئەو ڕەفتارانەی لە کولتوورەکەیدا هەیە.

لەو تێگەیشتنەوە کاتێـک سـەیری ئەکتـەری کـورد دەکـەین لەشـانۆی شەقامدا، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ نمایشەکان بکەین، تێدەگەین کێشەی ئێمە لەفێستڤاڵ و نمایشەکانمان تەنیا کێشەی مەعریفـە و فێربوونـە، لـەخود نائاگاییمـان شـانۆ دەکـەین، ژمـارەی کارەکانمـان و ژمـارەی فێستڤاڵـەکانمان زیاد دەکەین، سـەرەنجام کـار دەکـەین بـەبێ ئـەوەی شانۆ بکەین، شانۆ پێشکەش دەکەین، بـەڵام شـانۆمان نیـە، شـانازی بـەو میراتـە دەکـەین کـەچی نـاتوانین بیکـەین بـە کولتـوور، کیشـەی مەعریفە بۆ ئەکتەر کێشەی سەرەکی تێنەگەیشتنە لەسـتراتیژی شـانۆ و شکستی گوتارە شانۆییەکەمان، چونکە پـەیوەندیی نێـوان نمـایش و

بینەرە، بەواتایەکیتر ئەکتەر کەناڵی پەیوەندیی نێوان شانۆی شەقام و کۆمەڵگای بینەرە، شەقامەکان پڕ دەکەین لە نمایش و کەچی بینەر "کۆمەڵگا" شانۆی نیە.

روانینی دەرهێنەر بۆ تێکست، گواستنەوەی ووشەکان نیە بۆ جولەو دەیالۆگی بیستراو، بەڵکو تێکست دەبێت زەمینەی خوێندنەوەی کۆمەڵگایەک بێت، دەرهێنەر وەک کۆمەڵناسێک کار لەتەک ئەو کۆمەلگایەدا بکات، بەواتای هەلبژاردنی تێکست بۆ کارێک کە لەشەقام نمایش دەکرێت، پەیوەست نیە بەوەی ئاخۆ ئەو تێکستە بۆ شەقام گونجاوە، بەقەد ئەوەی بینەران (کۆمەڵگا) لەکوێ ڕووبەروی کێشە کولتووریەکانی دەکەیتەوە؟ لەو پرسیارەدا ئەو کۆمەڵناسە دەرهێنەرە کاری لەتەک تێکست ئیشکردن نیە لەسەر ووتراوی تێکست، چونکە تێکست وەک پرۆسەیەکی شانۆیی نووسراوە، بەڵام ئەوە ئەو کۆمەڵناسەیە کە چۆن بونیادی نەستی تێکست دەکاتە بونیادی سەرەکی نمایش، لەوەشدا دەبێت پەیوەندیی کارەکتەرەکان بکات بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئەکتەرەکان، نەک بەتەنیا لەناو تێکستدا، بەڵکو لە چۆنیەتی خولْقاندنەوەی دیمەنە شانۆییەکە بۆ بینەر، کە خاڵی نەبێت لەژیانی کۆمەڵایەتی ئەودا، دیمەنێک نەبێت بەبیانووی تێگەیشتنی بینەر.. سادەبوون وەک گەمەیەکی سواو بخرێتە ڕوو، بەڵکو سادەبوون زمانێک بێت هەڵگری دەلالەتی قووڵ بێت، وەک چۆن شیعرەکانی ژاک پریڤەر دەخوێنینەوە چەندە وێنە شیعریەکانی سادەبوونی خۆیان نمایش دەکەن، هێندەش هەڵگری قوڵایەکی شاعیریانەیە، ئەوەش وا دەکات دەرهێنەر بەبیانوی

هەڵبژاردنی تێکستی کوردیی کە لەتەک ئازاری ئێمە نزیکە پەنا نەباتە بەر ئەو تیکستە لاوازانە، بەلکو کاتێک ئەو مەعریفەی کۆمەڵناسیانەی هەبوو دەتوانێ تێکستی جیهانی هەلبژێرێت، سەر لەنوێ پەیوەندی درامی کارەکتەر لەسەر بنەمای پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی بینەر بخوینێتەوە.

ئەو ڕووبەرەی نمایشی شانۆیی لەشەقامدا تیا ئەنجام دەدرێت، پانتاییەک نیە بۆ ئەوەی بڵێین شانۆکە لەشەقامە و دەبێت باسی شتە سادەکان بکات، بەپێچەوانەوە دەبێت ئەو ڕووبەرە وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەلایەتی بێت، وێنەیەکی هەلخەڵەتێنەر نەبێت، بینەر وەک لاسایی کردنەوەیەکی ژیان بیبینێت، بەڵکو چەندە وەک شانۆ سەیری بکات، لەهەمانکاتدا ئەو ئاگاییەی بەکار بێنێت کە شانۆیەکە زادەی دۆخی کۆمەڵایەتی ژیانی ئەوە، بۆیە شوێنی نمایش کە شەقامە دەبێتە ڕووبەری ژیانی کۆمەڵگا ئەو کاتەی ئەکتەر و بینەر وێنەیەکی گشتی کۆمەڵگاکە دەخەنە ڕوو، خستنە ڕووی وێنەی کۆمەڵگا پەیوەستە بە دیدی عەقڵانیانە بۆ کولتوور و پەیوەندیەکانی، لەو پەیوەندیەدا شوێن (شەقام) گۆڕانی بەسەردا دێت لە ڕەهەندێکی تۆبۆلۆژیەوە (شوێنناسی) بەرەو ڕەهەندێکی ئەنترۆپۆلۆژی (مرۆڤناسی) دەچێت، ئەوەش گۆڕینی شوێنە لەپەیوەندی شەقامەوە بۆ ئەکتەر وەک مرۆڤێک کە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی وورد دەبێتەوە لەسەر ژیانی تاکەکان لەڕێگەی نواندنی ئەکتەرەوە، لێرەدا وەزیفەی دەرهێنەر وەک کۆمەڵناسێک گەڕانەوەیە بۆ تێگەیشتنەکەی کۆمەڵناسی ناسراو دۆرکایم کە بڕوای وایە ئەوانەی لەکۆمەڵگادا

پەراوێز دەخرێن و کۆمەڵگا بایەخیان پێنادات و فەرامۆشیان دەکات، کۆمەڵناسی دێت قسە لەوانە دەکات.

بۆیە دەرهێنەر فەرامۆشکراوەکانی ناو کۆمەڵگا دەگەڕێنێتەوەو نمایش کاریان لەتەک دەکاتەوە، لەچۆنیەتی خولْقاندنی ژیانی مرۆڤەکان، کە دواجار مرۆڤەکان بەیەکەوە کۆی گشتی کۆمەڵگاکە پێکدێنن. کاتێک کۆمەڵگا هەستی بەو ڕاستیەکرد کەوا سەر شەقامەکان ژیانی کۆمەڵایەتیە، ئیدی شانۆ بەبەشێک لەخۆی دەبینێت، ئەوەش وەک پێویستیەکی کولتووریی سەیر دەکات نەک بەتەنیا شانۆی سەرشەقام، بەڵکو شانۆی ناو هۆڵ و هەر دیسان ئەوە کۆمەڵگاکەیە ڕەخنە دەگرێت کە بۆچی مزگەوت لەگەرەکەکەیان هەیە و هۆڵی شانۆ نیە.

ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای ئەو نووسینە کە بۆچی مزگەوت پێویستیە و پیرۆزگەرایە و شانۆ پێویستی نیە و پیرۆز نیە، چونکە کیشەکە ئەوەیە ئێمە نەمانتوانی شانۆ پیرۆز بکەین و بیکەینە پێویستیەکی کۆمەڵگا، کەی توانیمان ئەو کارە بکەین، ئەو کات شانۆ دەبێتە کولتوور و کۆمەڵگاش قبوڵی ئەوەی نابێت هیچ کاتێک بێ شانۆ بێت، نەک لەشەقام بەڵکو لەقاوەخانە و کارگە و قوتابخانە و باخچەی ساوایان و تەواوی ناوەندەکانی ژیان.

تا ئەوە نەکەین با هەر ساڵانە فێستڤاڵ بکەین و بچینە شەقامەکان و بینەران بەدەوری خۆمان کۆ بکەینەوە، لەگەڵ تەواو بوونی فێستڤاڵەکان بینەر هیچی بیرنامێنێت، هیچ کاریگەریەکیش جێ ناهێڵێت، چونکە نمایشەکان وەک بەشێک لەژیانی کولتووریی خۆی

نەیبینیووە، کە بەشێک نەبوو لەژیانی کولتووریی ئەودا، ئیدی ئەویش وەک پێویستی سەیری ناکات، کە پێویستی ژیان نەبێت و نەبێتە بەشێک لەژیانی کۆمەڵایەتی ئیدی پیرۆزی شانۆ لەکوێدا بێت.

# چارەسەری ئیشکالیەتی پەیوەندیی نێوان شانۆی ئەزموونگەری و شانۆی شەقام

وەستان لەسەر شانۆی شەقام هەڵوەستەکردنە لەسەر فۆرمی تیۆریانەی ئەو ئەزموونە، کە ئەزموونێکی ناشانۆییە، ناشانۆیی بوون بەو مانایەی لەدەرەوەی پێکهاتەی جومگەکانی نمایشەوە خۆی بنیات دەنێتەوە، ستراتیژی ئەو شانۆیە ستراتیژێکی سیاسیە بەو مانایەی دەیەوێت بگات بە ئامانجێکی ڕوون.

ئەو ڕوونبونە زادەی زەمینەی درامایەکی نائەڕستۆییە کە شانۆکارێکی وەکو برێشت بەبێ هیچ قسەکردنێک لەوەی شانۆ بچێتە سەر شەقام دژایەتی خۆی بۆ درامای ئەڕستۆیی ڕاگەیاند، ئەوە بووە زەمینە بۆ لە دایکبونی ئەزموونی جیاواز، لێرەوە کە شانۆ وەک هەوڵێکی ئەزموونی دێتە شەقام وەک لە ئەزموونەکانی برۆدوای و بەتایبەت لەشانۆی نان و بوکە شووشەی پیتەر شۆمان کێشەی هاولاتی شەقام کێشەی سەرەکی شانۆیە، لێرەوە شانۆ پەیوەندیی خۆی لەگەڵ بینەر سەرلەنوی دەخولقێنێتەوە کە چەندە شەقام دەکاتە شوێنی گەمەی شانۆیی، لەهەمان کاتدا ئەو شوێنە دەبێتە دەستکەوتنی نانیش بۆ بینەر.

گوتاری ئەزمونکاریانەی ئەو ئەزموونە گەڕانە بەدوای فۆرمێکی ناتەبا لەرێگەی نان و بوکە شووشە.. وەک دوو ماتریال بۆ خولقاندنەوەی نمایش، کە لەئەمرۆدا دەتوانین وەک بنەمایەکی تیۆریی بۆ ئەزموونی

شـانۆی شـەقام سـەیری بکـەین، هـەروەها بەشـێک لـە ئەزموونـەکانی شانۆی زیندووی ژۆلیان بیک و ژۆدیت مالینـا ئـەزموونی گرنگـی سـەر شەقامن.

لێرەوە ئێمە بەرەو ڕووی چارەسەری ئیشکالی ئـەو بابەتـە دەبینـەوە، لەڕێگەی دوو هاوکێشەی شانۆییەوە، یەکـەمیان ئەو پەیوەنـدییە چـیە دەکەوێتە نێوان شانۆی ئەزموونگـەری و شـانۆی شـەقام؟ هاوکێشـەی دووەمیش پەیوەستە بەو پرسیارەی: ئایا ئـەو نمایشـانەی هاتنـە نـاو شەقام شانۆی ئەزموونگەرین؟ یان شانۆی سەرشەقامن؟

لێـرەدا دەمانـەوێت چارەسـەری ئـەو ئیشـکالیەتە بـدۆزینەوە، بـەناو کێشەو گرفتەکانی پرسیار بکەین، گومان لەمەعریفەی ئامادەی نێـوان ئەزموونگـــەری وەک شـــانۆی شـــەقام و شـــەقام وەک شـــانۆیەکی ئەزموونگەری بخەینە ناو گومانی مەعریفەی شانۆییەوە.

شـانۆی ئەزموونگـەری کـە بنـەماو ڕێسـایەکی نیـە، هێنـدەی ڕێسـای کارکردن پەیوەستە بە دیـدی تیـۆریی ئـەزمونکاری شـانۆییەوە، ئـەوە شانۆکارە لەپرۆژە ئەزمونکاریەکەیدا خاسـیەتە ئەزمونیـەکانی دەخاتـە ڕوو، تا ڕووبەری گەڕان و پشکنینەکانی ئەنجام بدات، واتە شـانۆیەک نیە بنەمایەکی تیـۆریی هـەبێت و شـانۆکار پابەنـد بێـت بـە کـارکردن تیایدا وەک میتۆدێکی چاسپاو، چونکە بۆ خـۆی میتـۆدێکی کـارکردن نیـە هێنـدەی ئاراسـتەیەکە بـۆ کـارکردن. یـەکێک لـەو ئاراسـتە ئەزموونیانـەش هاتنـە دەرەوەیـە لـەهۆڵی شـانۆ و بـۆ شـوێنە ناشـانۆییەکان، شـەقامیش وەک شـوێنێکی ناشـانۆیی یـەکێک لەهەڵبژاردەکانی شانۆی ئەزموونیە.

لەو کاتەدا ئەوەی ئەو شانۆ ئەزموونگەریە دەکات بە شانۆیەکی شەقام، ئەوە نیە کە ئەوە شانۆیەکی سەرشەقام بێت، بەڵکو نمایشێکی ئەزموونکاریانەیە لەسەر شەقام نمایش دەکرێت، ئەوەش دوورکەوتنەوەیە لە شەقام لەناو شەقام خۆیدا، بەو پێیەی ئەو شانۆیە بەرەو خاسیەتەکانی شانۆی شەقام نایەت، بەو تێگەیشتنەی کە شانۆی شەقام پێویستە هەڵگری ئارەزو و ویستی مرۆڤەکانی سەر شەقام بێت.

ئەو شانۆیە نەک ئاستی دەربڕین سادە ناکاتەوە، بەڵکو بەدوای فۆڕمیکی ناتەبا دەگەرێت، بینەر ئازادە لەوەی ئەو فۆڕمە وەردەگرێت یان خێرا ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام ڕەتکردنەوە و قبولکردنی بەمانای ئینتیماکردنەوە نیە بۆ شانۆیەکی شەقام، هێندەی شەقام وڕێبوارانی دەبنە بینەری کارێکی هونەری.

بینەر لێرەدا ئینتیما بۆ نمایش ناکات وەک ئەوەی بەشێک بێت لەپێویستیە رۆژانەکانی، هێندەی ئەو بینەرە لەسەرەتاوە دەزانێت نمایشێکی شانۆیی کە دەکرێت دوور بێت لەزیندەگی ژیانی و پەیوەندیی بە هونەرێکی تایبەتەوە هەبێت. لێرەوە ئەوەی دەکەوێتە نێوان فۆڕمی ئەزمونکاری و شەقام گەڕانە بەدوای شانۆیەکی ناتەبا ودوور لە درامای ئەڕستۆیی، کە هەریەکە لەشانۆی ئەزموونگەری و شانۆی شەقام بەدوای ئەو فۆڕمەوەن، بەڵام بەدوو خاسیەتی جیاواز، لەشانۆی ئەزموونگەریدا شانۆیەکی ئەلتەرناتیف ئەزموون دەکرێت، هەرچی لەشانۆی شەقامە کێشەی ئامادەبووی سەر شەقام پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەنمایشەوە هەیە، لێرەوە شانۆی شەقام بینەرێکی

چالاکی گوتارە شانۆییەکەیە، دەبێتەوە بەشێکی سەرەکی لەناو ڕووداو و بیرۆکەدا، هەرچی لەشانۆی ئەزموونگەریە بینەر توانای بەشداریکردنی لەناو ڕووداوەکاندا هەیە، کاتێک ئەو داوایەی بەرەو ڕوو کرایەوە، بەڵام ناکرێت ئەو ئاسۆی بیرکردنەوەی بسەپێنێتە ناو نمایش، هێندەی هەستەکانی وەک دەنگێک بەرەو ڕووی کارەکتەر دەبات، هەرچەندە لەزۆربەی ئاراستەکاندا ئەو تەنها بینەرێکی ڕووداوە، کە ئەکتەر هەوڵ دەدات سۆزی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، کە ئەوان وەک بەشێک لەکۆمەڵگایەکی هاوبەش دەژین نەک وەک دوو تاکی نامۆو جیاواز لەیەکتری.

بۆیە لێرەدا لەوە تێدەگەین شانۆی ئەزموونگەری شانۆی سەرشەقام نیە، بەڵکو شەقام شوێنی نمایش و چۆنیەتی خولقاندنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەکتەر و بینەرە، کاتێک کارە ئەزموونیەکانیش دێنە سەر شەقام، ئەوە بۆ سادەکردنەوەی فۆڕمی نمایش نیە، هێندەی گەڕانە بەدوای چۆنیەتی ئەو پەیوەندییە و چۆن ئەو ڕووبەرە فراوانەی شەقام وەک پانتایەکی نادیاری شانۆیی بەکار دێتەوە.

برێشت و ئەزموونەکانی دوای خۆیان دەرگایان بۆ شانۆی شەقام کردەوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک شانۆکەیان لەشانۆیەکی ئەزموونیەوە نەکرد بە شانۆی شەقام، بەو مانایەی نەهاتن خاسیەتە ئەزموونیەکانیان بدۆزێنن و لەگەل سادەکردنەوەی فۆڕمی شەقام بیخوڵقێننەوە، هەموو ئەو تێگەیشتنە مەعریفیەی پێی وابێت وەک فۆڕمێکی شانۆیی توانای بوونی بە یەک سیستمی گوتار هەیە، ئەوا ڕووبەرووی کێشەی میتۆدی تێگەیشتن دەبێتەوە.

# کاریگەری شانۆی سەرشەقامی ئێرانی لەسەر نمایشە کوردیەکاندا

ئەزموونی شانۆی سەرشەقام لە باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕین، ئەوەش لەچەند هەولێکدا کە مەبەست گوزارشت کردن بوو لە ئازارەکانی مرۆڤی کوردیی، ئازارەکانی یادەوەری ئەو مرۆڤە.. بەداخەوە تائێستا ووتارێکی نووسراومان نیە باس لەو سەرەتایە بکات، جگە لەوەی کە ئێمەی شانۆکاران خۆمان بەشێک بووینە لەو مێژووە کە بەچەند هەوڵێک دەستی پێکردووە، ڕەنگە سەرەتای هەوڵەکانیش بگەڕێتەوە بۆ شانۆکار ڕزگار ئەمین، ئەو دەمەی لەکەلاوەکانی هەڵەبجە کارێکی گەرۆکی ئەنجامدا، کە چەندین شەو بەردەوام بوو، هەروەها شانۆکار بەکر ڕەشید کارێکی تاکئەکتەری شەقامی ئەنجامداوە لە سلێمانی و لەناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی بیستەم لەهەولێر نیهاد جامی و تەحسین فایەق کارێکی شەقاممان ئەنجامدا بەناوی "لێشاوی مەرگ" کە پانۆرامایەکی شەقام بوو لەبارەی ئەنفال بەدرێژایی شەقامەکانی هەولێر دەرۆیشت.

دواتر هەر لەهەولێر گروپی گەنج بۆ شانۆ و تیپی هونەری شانۆی ڕۆژ چەندین کاری شانۆی سەر شەقامیان لەناو شاری هەولێر نمایشکرد.

ئەو سەرەتایە تەنیا وەک بیرهێنانەوەیەکە نەوەک نووسینەوەی مێژووی سەرهەڵدانی ئەو شانۆیە، کە چەندین شانۆکاریتر دواتر لەو

بوارەدا كاريان كرد، سەرەتايەک کە بەپێی تێگەیشتنی شانۆکارەکان ئـەنجام دەدرا، بـەڵام بـەهۆی ئـەوەی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان شانۆیەکی چالاکی سەرشەقام هەیە، توانی کاریگەری لەسەر نەخشەی شانۆی سەر شەقامی باشوور بـەجێ بێلێـت، تـا ئاسـتی ئـەوەی ئـەو کاریگەریـە گـۆڕدرا بـۆ ئەنجامـدانی گواسـتنەوەی فـۆڕمی تایبـەت بـۆ فێستڤاڵ.

لە سـاڵانی ڕابـردوو لـە دەربەنـدیخان پێـنج خـولی فێسـتڤاڵی شـانۆی سەرشـەقام ئـەنجام دراوە، سـاڵانە گروپـە شـانۆییەکانی کوردسـتان نمایشـەکانیان لـەم فێسـتڤاڵەدا نمـایش دەکەن، سـەرباری میوانـداریکردنی چەنـدین گـروپ لەووڵاتـە جیاوازەکـان لەناویشـیاندا شانۆکارانی ڕۆژهەڵات و چەند نمایشێکی شانۆی ئێرانیش.

ئـەو فۆڕمـەی شـانۆکارانی ڕۆژ هـەڵات بەتـەواوی ڕەنگیدایـەوە لەسـەر شـانۆی سەرشـەقامی باشـوور، بۆیـە ئـەوە پێویسـتی بەهەڵوەسـتە لەسەرکردنە لەڕێگەی چەندین دۆخی کۆمەلایەتی وسیاسی کۆمـەڵگای کوردیەوە.

ئەگەرچی وەکو نمایش مێژوویەکی نزیکی هەیە ودوور نیە، بەڵام وەک کاری نووسین وتوێژینەوە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم لـە وتـارێکی چیرۆکنـووس و نوسـەری شـانۆنامە ڕەئـوف حەسـەن بـاس لەپێویستی شانۆی سەرشەقام کراوە کە ئەو شـانۆیە پێویسـتە هـۆڵی شـانۆ بـەجێ بێلێـت و بـەپێی پێداویسـتی کۆمـەڵگا لەگـەڵ ئـازاری خەڵکدا بەشدار بێت، ئەو فۆڕمەی ئەو نووسەرە بۆ ئەو شانۆیە داوای کردووە هەوڵێک بووە بۆ شانۆیەکی سەر شەقام، بەڵام نە لەو ڕۆژگـار

و نـه ئێسـتاش ئەوانـەی لـەو بـوارەش کـار دەکـەن بـەهیچ جۆرێـک نەگەڕاونەتـــەوە ســـەری، ڕەنگـــە نـــەوەی نـــویی شـــانۆش هـــیچ ئاشنایەتیەکیشی پێی نەبێت.

بەڵام وەکو کاری نمایش ئەوەیان جیگەی ڕوانینی ترە بـەهۆی ئـەوەی تا دوای ڕاپەڕینی بەهاری نەوەت ویـەک، ئێمـە هـیچ ئاشـنایەتیەکمان بەو شانۆیەوە نیە.

بۆیە کاتێک بمانەوێت لەژیانی فەرهەنگی شانۆییماندا بگەڕێینەوە سەر چەمکی شانۆی سەرشەقام، ناچینەوە سەر ئەو تێگەیشـتنە بەراییـەی کە شـانۆی کلاسـیکی بـەهۆی ئـەوەی لەئاهەنگـە ئاینیـەکان شـانۆیان لەپەرسـتگاو دەرەوەی پەرسـتگا نمـایش کـردووە، کەواتـە ئـەوەیان شانۆی سەرشەقام بووە، هەڵبەت دەکرێت ئـەو هەوڵانـە وەک زەمینـە بۆ لەدایک بوونی ئەو شانۆیە سەیر بکەین، بەڵام ناکرێت بـە مێـژووی ئـەو شـانۆیە نـاوی بـەرین، چونکـە هـەر پرۆسـەیەکی ناونـان زادەی دۆخێکی زانستی شانۆکەیە.

بۆیـە لـەدایک بـوونی ئـەو شـانۆیە دەکرێـت لـەدوو ئاسـتدا ببینـین، لەلایـــەک وەک خواســـتێکی کۆمـــەڵگا بەتایبـــەت لەچەوســـاندنەوەی مرۆڤـەکان کـە شـاتۆکارانی ناچـار کـرد بڕژێنـە شـەقامەکان و لـەوێ خواستی کۆمەڵگا بخەنە ڕوو، ئاستی دووەم پەیوەستە بە ئایـدیۆلۆژیا کردنی شانۆ، بەو پێیەی ئـەو شـانۆیە مـەرامێکی سیاسـی ڕوونـی لـە پشتە، ئەگەرچی لـە ئەزموونـەکانی دەرەوەی بـرۆدوای لەشەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم بـەدواوە لـەجۆری شـانۆی نـان و بووکـە شووشـەی پیتــەر شــۆمان، ئــەو شــانۆیە چەنــدە خواســتێکی شــەقام و مرۆڤــە

چەوساوەکانە، هێندەش دەیویست تەکنیک وفۆڕمێکی هونەری تیا بەرجەستە بکات، لەڕووی بەکارهێنانی بووکە شووشەی گەورەو نانێکی گەورە کە لەسرووتێکدا بینەران لەنێوان خۆیان دابەشی دەکەن. لەلاپەڕەکانی پێشوو باسمان لەو پەیوەندیەی نێوان شانۆی سەرشەقام و شانۆی ئەزموونگەری کرد، بۆیە لێرەدا ناگەڕێینەوە سەر ئەو پەیوەندیە هێندەی تەنیا ئەوە دەخەینە ڕوو هەموو هەوڵێک بۆ هاتنە دەرەوە لەهۆڵی شانۆو تەنانەت نمایشکردنی لەسەر شەقامێکیش مانای وانیە ئەوە شانۆیەکی سەرشەقامە، بەتایبەت گەر مەبەستی دەست نیشان کراوی سەر شەقامی نەبووبێت، ئێمە لەیەکەم فێستڤاڵی شانۆی سەرشەقامی دەربەندیخان لە تونێڵەکەی ئەو شارە نمایشێکمان ئەنجامدا بەناوی "تونێل" بەڵام بەهیچ جۆرێک شانۆی سەر شەقام نەبووە، هێندەی ئیشکردنەوە بووە لەتەک فەزایەکی جیاوازو بە قووڵاییەکی هونەری کە ئیشکردنەوە بووە لەسەر دەنگ و گەڕانەوە بۆ ناو تێکستی ئاینی، کە هیچ میکانیزمێکی شانۆی سەرشەقامی لەخۆی نەگرتبوو، بەڵام پێشڕەو حەمید کارێکی سەرشەقامی لە دەربەندیخان نمایش کردو بەپێی خاسیەتی شانۆی سەرشەقام ئەنجامدراوە.

ئەگەر لەئاستی ئەزموونی جیهانیش سەیری بکەین، بەشێک لەئەزموونەکانی شانۆی زیندووی ژۆلیانا بیک و ژۆدیت مالینا کاتێک لەسەر شەقامیش نمایش دەکرێن، ئەوە شانۆی سەر شەقام نیە، بەڵکو شانۆیەکی ئەزموونگەری خاوەن سیمای تایبەت بە شانۆی زیندوو بووە.

ئـەوەش بـۆ روانینــی زیـاتری چارەسـەری پەیوەنـدی نێـوان شـانۆی ئەزمونگەری و شانۆی شەقام خستمانە ڕوو.
بەشێک لەو نمایشانەی باشوور سالآنە لەفێستڤاڵی شانۆی سەرشەقام دەمـانبینین، نەمانـدەزانی بـۆچی لەسـەر شـەقام و پـارک و گۆڕەپـان نمایش دەکران، چونکە شانۆیەک بوون بـەپێی خاسـیەتی هـۆڵ، دوور بوون لە ئامانج و ستراتیژی گوتـاری سەرشـەقام، هـەڵبژاردنی بابـەت یـەکێک بـووە لـەو گرفتانـە کـە نـەزانراوە چـی هەڵـدەبژێرین بـۆ ئـەو فێستڤاڵە.
هەڵبەت لەئێستادا ئەوەی بۆ ئـەو شـانۆیە تێبینـی دەکـەین، نـاتوانین بڵێین ئەوە شانۆی سەرشەقامە بەپێی خاسیەتێکی تیـۆریی، چونکـە لەزۆربــەی کاتــدا نمایشــەکان کەوتونەتــە ژێــر کاریگــەری فــۆڕمی نمایشـەکـانی شـانۆکارانی ڕۆژهـەلآت، کـە نمایشـەکانی ئـەوان بـەهۆی ئاشـنایەتیان لەگـەڵ شـانۆی ئێرانـی، تـا ڕادەیـەک لـەوەی بینیومانـە دەتوانین ناوی بەرین بە فـۆڕمێکی دەسـت نیشـان کـراوی ئێرانـی بـۆ شـانۆی سـەر شـەقام، شـانۆکارانی باشـوریش لـەو کاریگەریـە دەربـاز نەبوونـە، نـەیانتوانیوە لەئاسـتێکی تیـۆریی فراوانتـرەوە سـەیری ئـەو شانۆیە بکـەن، شـانۆی نـان و بووکـە شووشـە و شـانۆی زینـدوو کـە هەوڵی دیاری ناو شانۆی سەر شەقامیان تیا بەرجەستە کراوە.
بۆیە ئێمە کە هەمیشە قسەمان لەسەر شـانۆی ئەزموونگـەری کـردووە تاکو ئێسـتا شـانۆی شـەقام وەک بابـەتێک بـۆ شـانۆی ئەزموونگـەری نەبۆتــە کێشــەی دەیــالۆگی شــانۆییمان، بــە بــڕوای ئێمــە ئــەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سادەیی فۆڕمی ئەو شانۆیە کە دەیالۆگ وگفتوگۆکـانی

لەسەر شەقام زادەی ژیانی ڕۆژانەی چینەکان وگرفتە کۆمەڵایەتیەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمانتوانیوە شانۆیەک بێت زادەی دۆخی شوێن بێت، هێندەی لە شوێنێکیترەوە هێناومانە، کەوتوینەتە ژێر ئەو کاریگەریە ئێرانیە، هەروەها لەزەمینەی کارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، ویستومانە زەمینە شانۆییە سەر شەقامیەکەی پێ بەرهەم بێنینەوە.
بەهۆی ئەوەی باسمان لەو هەوڵانەی شانۆی شەقام لەرۆژهەڵات و ئەزموونی ئێرانیەکان کرد، بۆیە وای بەباش دەزانین بۆ کۆتایی ئەو کتێبە، لەسەر چەندین کاری شانۆی شەقام بوەستین، کە لەرۆژهەڵات نمایش کراوە.

# کێشەی شوناس و کولتوور لەشانۆی شەقامی مەریواندا

کاتێـک لـەدەرگای فێسـتڤاڵێکی شـانۆییەوە بڕۆینـە نـاو کۆمەڵـە نمایشـێکی سـەر بـە یـەک سیسـتمی شـێوازی کـاکردن، ئـەو کاتـە ڕووبەرووی پرسیاری چۆنیەتی کارکردن دەبینەوە لەتەک ئـەو شـێوازە کە تاچەند نمایشەکان توانای خوڵقاندنەوەیان هەیە لەناو ئەو شێوازە ئەو دەمەش ڕامانی بیرکردنـەوە ڕامانـدەگرێت لەبـەردەم ئـەو کارانـەی گوتاری نمایش دەبەنە ئاستی باڵا کـەچی لـەدەرەوەی ئـەو شـێوازەوە کاردەکەن.

ئەو تێگەیشتنە بۆ نمایش ڕووبەرووی ئێمە دەبێتەوە کاتێک لەبـەردەم دوانــزەهمین فێســتڤاڵی شــانۆی سەرشــەقامی مــەریوان لەنمایشــە شانۆییەکان ڕادەمێنین.

زمـانی کارەکـان زمـانی کولتـووری شـوێنە، کـە لـەنێوان کـوردیی و فارسـیدا بەیەکـدا دەچـن، ئـەوە چەنـدە پەیوەسـت بێـت بـە دیـدێکی سیاسـیەوە، هێنـدەش وابەسـتەی دۆخێکـی جوگرافیـە، کـە هـەردوو هۆکارەکە ئیشکالیەتی کولتووریی بۆ نمایش دەخاتە ڕوو، ئەوە ووردە کولتـووریی مرۆڤەکانـە، بەشـداری لـە کولتـووریی سـەرەکی دەکـەن، ئەگەر زمانی کوردیی بۆ کۆمەڵگای ئێرانی ووردە کولتوور بێت، بـەڵام بۆ کۆمەڵگای کوردیی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت بـۆ شـاری مـەریوان، کـە

فێستڤاڵی ساڵانەی تیا ئەنجام دەدرێت زمانی کوردی ووردە کولتوور نیە، بەڵکو کولتووری سەرەکیە، لێرەدا ئەو تێگەیشتنە کۆمەڵناسیە بۆ کولتوور بەتەواوی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام کاتێک کولتووری سەرەکی لەرێگەی زمانەوە خۆی دەسەپێنێتە سەر زمانی ئەویتر کە کوردیە، دیسان کێشەیەک لە ڕووی تێگەیشتنەوە ڕووبەرووی نمایش نابێتەوە، مەگەر ئەو کێشەیە تەنیا گرفتی ئێمەی میوانی فێستڤاڵەکە بێت، کە ئاشنایەتیەکی ئەوتۆمان لەگەڵ زمانی فارسی نیە.

ئیشکالیبەتی کولتووریی نێوان شوین بەتەنیا کێشەی زمان نیە، بەڵکو ئەو کێشەیە وەک بابەتێکی بوونگەرایی بەدوای فۆڕمێک بۆ شانۆی شەقام دەگەڕیت، سەرەنجام بەپێی کارکردنی ساڵەکان ئیتر فۆڕمێک دەخولقێنن، زادەی دۆخی جوگرافی و سیاسی کۆمەڵگای ئێرانی بە کورد و فارسیەوە بێت.

لەوتارێکیتردا بەدرێژی لەسەر جۆری فۆڕمەکان و شێوازی ئەزموونەکان قسە دەکەین، بۆیە لێرەدا ئەو ڕەهەندە تیۆریە جێدێلین و لەسەر ڕەهەندە پراکتیکیەکەی قسە دەکەین.

هەڵبەت ئەوەی لێرە ئامـاژەی بۆ بکەین، شانۆی شەقامی ئێرانی و شانۆی شەقامی کوردی ڕۆژهەلات، شانۆی پێداویستی شەقامی ئەو کۆمەڵگاییە وەک کێشەیەکی کۆمەلایەتی و بەدوورکەوتنەوە لە کێشە سیاسیەکانی.

هەرچەندە لەناو کێشە کۆمەلایەتیەکاندا ئەو ڕەخنە کۆمەلایەتیە دەبینین، کە پەل بۆ گرفتی ژیانی خراپ و دۆخە جیاوازەکانی

زینـدەگی مرۆڤـەکان دەبـات، بەتایبـەت لەکێشـەی کۆلبـەر کـە چـۆن قــەدەری مــەرگ لەزینــدەگی بــوون گــەورەترە، ئــەوە لــەناو کێشــە کۆمەڵایەتیەکان کێشەی چینایەتیەکی ناڕاستەوخۆ بەرجەستە دەکات، بۆیــە شــانۆی شــەقامی مــەریوان.. شــانۆی ووردە کولتورێکــە کــە شوناسـێکی چینایـەتی و کولتـوریی بـە مرۆڤـەکانی نمـایش و بینـەرە مرۆڤــەکانی دەبەخشــێت، ســەرەنجام بینــەر گــەر نمــایش وەک کۆمەڵگایەک ببینێت کۆمەڵگایـەک نیـە ئـەو پێـی نـامۆ بێـت، بـەڵکو کۆمەڵگای نمایش "نمایشی شانۆیە" کۆمـەڵگای ڕاسـتەقینەی کـوردیی ڕۆژهەڵاتە، هەر ئەوەش وا دەکـات شـانۆ ڕەهەنـدە پیرۆزەکـەی خـۆی لەدەســت نــەدات، بینــەر وەک بەشــێک لەپیرۆزیــە کولتوریــەکانی ببینێـت، هەڵبـەت ئـەو ڕەهەنـدە موقەدەسـگەرایەی شـانۆ لەباشـور بەتەواوی لەدەستدراوە، هۆکارەکەشی نامۆ بوونی نمایشی شانۆییە بە بینەرەوە.

یـەکێک لەخەسـڵەتە تایبەتمەندیـەکانی شـانۆی شـەقام، ئامـادەبوونی پرسـیارەکانی بینـەرە، کـە پەیوەسـتە بـە ژیـانی ڕۆژانەیـەوە، ئـەوە ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەتەک کێشەکانی بینەر، کە چۆن نمایش دەبێتـە شوێنی گفتوگۆکردنی کێشە کولتوریی و کۆمەڵایەتیەکانی، لێرەوە ئەو مرۆڤە لەڕێگەی شانۆوە، بـەدوای شوناسـی خـۆی دەگـەڕێت، نمایشـی "اکتشاف باستانی" ی عەزیز زادسر کێشەی خاشاک و بابـەتی ژینگـە لـەفۆڕمێکی کۆمیدیایـەکی ڕەش دەبەخشـێتە شـەقام، کـە ڕووبـەرووی پرسیارەکانمان دەکاتەوە، پرسیارێک کە پەیوەستە بە بینەرو خەڵکی مەریوانــەوە، تــائێرە دەشــێت ئــەوەیان ببێتــە دەروازەیــەک بــۆ

پەیوەندیکردن لەگەڵ بینەرەوە، بەڵام ئەم نمایشە زۆر بەئاسانی دەستبەرداری بینەر دەبێت، کۆی ڕووداوەکانی وەک چەند دیمەنێکی شانۆیی پێنیشان دەدات، بەبێ ئەوەی بینەر بخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتی گفتوگۆکردن، سەرەنجام چونکە مەبەست لەگێڕانەوەی چیرۆکێکە، دەبینین ڕووداو دەچێتە ئاستی قسەکردنی نالۆژیکیانە، تا ئاستی ئەوەی لەبازنەیەکی ئاخاوتن، چەندین بازنەی بچووک بەدەوری خۆی درووست دەکات. بەبڕوای ئێمە دەبوو ئەو بازنانە بەشداریکردنی بینەر بێت لەناویدا، نەوەکو بازنەی گەمەی قسەکردنی ئەکتەر بێت، هەمووشیان یەک واتا بدەن بەدەستەوە، ئەگەر بینەر بەشداری لەو بازنە بچووکانەی ڕووداو پێبکرێت، ئەوا دەتوانرێت لەیەک واتاوە بۆ فرە واتایی ببردرێت، بەڵام هێڵێکی بیانی هەیە و کۆی چیرۆکەکەی لەسەر داڕێژراوە، ئەوەش وا دەکات لە خاسیەت و تایبەتمەندی شانۆی شەقام دووربکەوێتەوە، لەکاتێکدا بابەتی ئەو نمایشە بەیەکێک لەگرنگترین بابەتەکانی ئەو فێستڤاڵە دادەنرێت کەتوانای ئیشکردنەوەی هەیە بۆ پرسیارەکانی شەقام لەناو نمایشێکی شانۆییدا.

ئەو کاتانە بینەر کەهەست دەکات بابەت پەیوەندیی بە ژیانیەتی، بەڵام پەیوەندیەک دایدەبرێت لەچۆنیەتی بەشداری لێرەوە پرسیارە گرنگەکانی خۆی لەگەڵ نمایش واز لێ دێنیت، دەبێتە بینەری کۆمەڵە ڕووداوێک کە شتەکانی بیر دێنێتەوە، بە پێچەوانەی نمایشی "اخرین مرزهای ایجاد اشتغال" ی سۆران حسێنی کە ئازاری کۆڵبەر دەکات بە ئازاری ئەکتەرو بینەر، بەوەش وێنەیەک دەبەخشێتە نمایش کە

گوتاری ئێمە بخوڵقێنیت، گوتارێک وێنەیەکی ڕاستەقینەی ئازاری ئـەو مرۆڤە بێت، پرسیارەکانی شەقام بکات بە پرسیاری شانۆیی. نمایشی "تندیسی برای شهر" ی مختـار محمـدی، وێنەیـەکی بوێرانـەی شـانۆی شەقامی مەریوانە، وێنەیەک بەو پـەڕی بوێریـەوە لـەبارەی شـوناس و کولتور دەدوێت، ئازاری نەتەوە کە دەبێت بە ئازاری ئێمە، هەندێکجار دەپەڕێتەوە ناو دنیای شیعری شێرکۆ بێکەس، لـەپاڵ ئـەوەدا ئـازاری کوردبـوون لەشـەقامی مـەریوان و دیاربـەکر وقامیشـلو و کـەرکوک و هەموو شارێک کە کوردی تیا بێت دەبێتە هەڵگری برینـی هـەموومان، گرفتـی ئـەم نمایشـە لەگـەڵ هـەر کۆتاییـەک سـەر لـەنوێ دەسـت پێدەکاتەوە، لەکۆتایی چیرۆکیشدا دیسان کۆتایی نایەت، سـەرەتایەک دەست پێـدەکات کـە توانـای سـەر لـەنوی خوڵقاندنـەوەی نیـە، بۆیـە کاتێـک کەلـە سـەر دەخاتـە سـەر پەیکەرەکـە ئیـدی گوتـاری نمـایش بەتەواوی دەگـات بـە ئێمـەی بینـەر، بۆیـە کـۆی ڕووداوەکـانی دواتـر تەنیا دەستپێکێکە بۆ سەرەتایەکیتر کە ئیدی شـتیکی نـوێ نامێنێـت ئێمە ببینین، بەڵام وێنەیەکی هێندە خەمناک و ئازاراوی بەو شوناسە دەبەخشـێت، لـە برینـی خـود "ئەکتـەر" دەبێـت بـە برینـی کۆمـەڵگا "بینەران"

موختار ئەوەی بیر ناچێت ئازارەکان ڕووداوی ڕاستەقینەن.. برینەکان برینی هەموومانن، بۆیە دەبێت ئەو وێنە پڕ لەمەرگەساتاویە لە فۆڕمی شـانۆی شـەقامدا بەرجەسـتە بکرێـت، فۆڕمێـک وا دەکـات ببێـت بـە یەکێک لەو نمایشانەی بە ئاسانی لە زهنی ببینەران نەسڕدرێتەوە.

بەشێک لەنمایشەکان چەندە لەناو ئاستی هونەری هەوڵ بدرێت فۆڕمێکی شانۆیی بەرجەستە بکات، بەڵام دواتر ئەو فۆڕمە تەواو دوورکەوتنەوەیە لەشانۆی شەقام، بۆیە لەنێوان گرفتی شەقام و ئاستی هونەری ئێمە، لێکترازانێکی تەواو بەبەشێک لەنمایشەکاندا دەبینین، بینەر ڕۆڵی خۆی وەک کارێک بۆ شەقام لەم شانۆیەدا نەبینیت، هێندەی شانۆکە وەک کارێکی ناو هۆڵ ببینێت، لێرەدا پێویستە کاتێک نمایشگەلێک لەژێر تایتلی شانۆی شەقام کار بکەن پابەند بن بە فۆڕمی ئەو شانۆیەوە، لێرەدا ئاماژە بۆ چەند کاریک دەکەین، شانۆگەری (رهایی) کیوان رحیمی نمایشێک لەرێگەی جەستەوە ئازاری هاوبەشی مرۆڤەکان بەرجەستە دەکات، ئازاری مرۆڤگەلێکی زەحمەتکێش کە کارکردن هەموویان وەک یەک لێکردووە، لەئاستی فکریدا ئەم نمایشە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبەت کە لەناوەڕاستی ئەکتەرەکان، ئەکتەرێک ڕۆڵی کاتژمێر دەبینێت، هەمووان بەدەوەری ئەو زەمەنەوە دەسوڕێنەوە، کار دەکەن، ئەو سوڕانەوە زەمەنیەی ئەکتەرەکان دووبارەکردنەوەی زەمەنی کارکردن نیشان دەدات، دیدێکی ئەبسێردانە بە زەمەن دەبەخشێت، بەڵام ئەو ئاستە هونەریە بۆ خۆی دوورکەوتنەوەیە لەکاری شەقام، چونکە ئەو دەلالەتی دووبارە بوونەوەی زەمەن بۆ بینەر، وەک دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکان سەیری دەکات، نەوەک وەک ڕەهەندە فەلسەفیەکەی.

شانۆیی "دخترک کبریتی" موسی هدایتی هەمان گرفتی هەیە، هەرچەندە ئەم نمایشە قسە لە کێشەی کۆمەڵایەتی بکات، بەڵام فۆڕمی دەرهێنانی توانای بەخشینی وێنەیەکی ناو شانۆی شەقامی

نیە، بەبڕوای ئێمە ئەو دوو دەرهێنەرە وەک دوو دەرهێنەری گرنگی شانۆیی خاوەن تواناو سەلیقەیەکی هونەری دەیانبینین، بەڵام گرفتی کردەی بینین بۆ کاری ئەوان لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کاری شەقام ئەنجام دەدەن، ئەوە سەپاندنی دیدو فۆڕمی هونەری نیە بەسەر دەرهێنەیێک، کەچی گرنگە دەرهینەر بزانێت؛ چۆن و لەچ ستایلێک کار دەکات، دەرهێنەربوون مانای ئەوە نیە لەهەمووان کار بکەین، بەڵکو لەناو کردەی دەرهێنانیشدا پسپۆڕی بوون گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، ناکرێت سەرپاگیرانە کار بکەین و خۆمان لەپسپۆریەتی دەرهێنانی بدزینەوە، چونکە سەرنجام لەڕێی سیستمێکی شانۆییەوە لە سیستمە دەرهێنانیەکە دووردەکەوینەوە، ئەوەش بە مەرگی فۆڕمە هونەریەکە کۆتایی دێت.

شانۆیی "درخت زندگی" غنچە شکوهیان یەکێکیترە لەو نمایشە ئاست بەرزانەی توانای هونەری و کردەی دەرهێنانی و نواندن بەرجەستە دەکات، بەڵام کارێکە فۆڕمە هونەریەکە دوورکەوتنەوەیەتی لەشانۆی شەقامدا، هەڵبەت ئەوە ناشارینەوە کە ڕوانینی تایبەتی شانۆکار بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان دیدی جیاوازو هونەری بەرجەستە بکات، کە بینینی تایبەتمەند بۆ پرۆسەکە بخولقێنێت، ئەو نمایشانە کاتێک لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکرێت، قسەکردنی زیاتر لەسەر بونیادە پێکهاتووەکانی هەڵدەگرێت، بەڵام ئەو دەمەی دێنە ناو شەقام و وەک کاری شەقام خۆیانە بەرجەستە دەکەن، ئەو کاتە ئەوان لەمەهام و پێگەی شەقام وەک پێویستیەکی تایبەتمەندی بینەر دووردەکەونەوە، ئەو دەمە ئامادەبوونی کردەی بینین ئامادەبوونی

دیدی ڕەخنەی ئێمەی بینەرە لەبەردەم نمایشێکی هونەری ئاست بەرزیی دوور لەکاری شەقام.

ڕەنگە بەهۆی چڕی نمایشەکان لەدوو شوێنی جیاوازی مەریوان ئەوە وای کرد دەرفەتی بینینی هەموو کارەکانمان نەبێت، یاخود هەندێک لەنمایشەکان سەربەهەمان سیستمی نێوان شەقام و بیناسازی هۆڵ بێت، ناچاربین هەندێکیان وەک نمونە وەربگرین، دەنا لەبنەڕەتدا بێبایەخ کردنی کارەکان نیە، لێرەدا فەرامۆشکردنی نمایشەکانی "هجوم خیال، ویروس، موسسەی کاریایی، گوش های پر حرفکلاە پهلوی چادر قادرچی، فرجام، شانۆ" کارگەلێکن گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە وەک نمایشی شانۆیی، کە ڕەنگە کارەکان پێویستیان بەچەندین بینین هەبێت تا بتوانین ووردتر قسەیان لەبارەوە بکەین، بەڵام چونکە لەسۆنگەی فێستڤاڵێکەوەیە هەر هێندە دەتوانین هەڵوەستەیان لەسەر بکەین.

ڕەنگە هەندێک نمایش وەک فۆڕمی هونەری هێندە سادەت ببنەوە، زیاتر شێوەیەکی گاڵتەجاریانە بگرنە خۆی، هەرەمەکیەت شێوەیەک بێت کە پەیوەندی بەساتەوەختی هەنوکەی نمایش بێت لەگەڵ بینەردا، وەک لەشانۆگەری "بوکس" ی محمود فلاحی بینیمان، شوینی نمایش حەلەبەی مشتەکۆڵەی یاری نێوان ئێران و چینە، کاتێک وەک کارێکی شانۆیی سەر شەقام سەیری بکەین، نمایشێک نیە ئەو گرنگیەی هەبێت، بەڵام ئەو دەمەی سەیری ناو بازاڕی شارە ئێرانی و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، ئەو کات گرنگی ئەو نمایشە دەردەکەوێت کە دەبینین لە ڕووی ئابوریەوە چۆن

کەرەستەی چینی دەیەوێت دەست بەسەر بازارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بگرێت، ئەوەش خاڵێکی گرنگە کە فلاحی دەزانێت چۆن چارەسەری ئەو کێشە ئابوریە بکات لەڕێگەی یاری بۆکسێنەوە، ململانێی نێوان ئێرانی و چینیە.

نمایشی "دیوار" ی افشین خدری یەکێکیترە لەو کارانەی شەقام کە چۆن لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەلێنی ساختە بە هاولاتیان دەدرێت، دیوارەکان بە لافیتەی کاندیدەکان داگیر دەکرێت، دوای هەڵبژاردنەکانیش پۆستەرو وێنەکان لێناکرێنەوە، ئەوە یەکێکە لە بیرۆکە گرنگەکانی شانۆی شەقامی مەریوان، وەک پێویستیەکی ژیانی ناو کۆمەڵگا سەیر دەکرێت، کە ئەو شانۆیە بەشداری بکات لەهۆشیاری کۆمەلایەتی، نمایشەکە زیاتر لەفۆڕمێکی پێکەنینئامێز خۆی دەخاتە ڕوو، ئەوەش وادەکات زیاتر پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ بینەر بخولقێنێت.

ئەگەر خەوشی بەشێک لەکارەکان پەیوەست بێت بە گوتارە شانۆییەکەی فێستڤاڵەوە، ئەوا مانای وانیە بەپێی پرەنسیبی شانۆی سەرشەقام نمایش توانای دەرکەوتنی نەبێت، نمایشی "تولیدی لیلی و مجنون" ی پژمان شاهوردی تەواوی خاسیەتەکانی شانۆی شەقام دەگرێتە خۆی، ئاستی تێکست ونواندن و دەرهێنان بەو پێیەی دەرهێنەر خۆی تێکستەکەی نووسیوە لەسەرەتاوە پلانێکی ڕوون تاکۆتایی ئاراستەی کارەکەی دەباتە ناو شەقام، بۆیە لەکێشەکانی کۆمەڵگاو گرفتەکانی ژیانەوە لەئاستی دەسەلات و تاک دەست پێدەکات و ژیانی کارەکتەرێک وەردەگرێت لەرێگەی ئەو کارەکتەرەوە

دەچێتە ناو ژیانی قوتابخانەو کارگەو ماڵ وشەقام وپەیوەندی تاک بەویترو بە کۆمەڵگاوە، لەڕووی نواندنەوە ئەکتەرەکان دەبن بە گۆرانی بێژ سەماکار یاریزان، ئەوان لەهەر ساتەوەختێکدا دەتوانن بەپێی کردە دەرهێنانیەکەی نمایش بجولێنەوە، دەرهێنەر هەول دەدات لەموفرەدەی سادەو بەردەستی سەرشەقام، بونیادە پێکهاتەکانی نمایش بخولقێنێت کە جوانترین دیمەن لەکارگەکەدا دەبینین، چۆن لەرێگەی دەبەی بەتاڵ و جولەی کۆمەڵی ئەکتەرەکان، ئەو وێنە شانۆییە پڕ بەها دەلالی وجوانکاریە دەخولقێنێت کەچەندە سادە هێندەش قووڵ، هەموو ئەمانە سەر بەیەک سیستمی دەلالی شانۆی شەقامن، نایەت گشتی وەربگرێت، بەڵکو مەجنون وەردەگرێت، لەوێوە باس لەزیرەکی کارەکتەرێک دەکات لەقوتابخانەو گرفتی خۆمالی بوونی کەرەستەکان کەچۆن دەیەوێت خەلاتەکەی وەری دەگرێت، ماشێنێکی ئێرانی بێت تاسوود لەتواناکانی خۆیان وەربگرن، دواتر لەوسەفەرەی کارەکتەر، عاشق بە لەیل دەبێت و بەم شێوەیەش چیرۆکی لەیل و مەجنونێکیتر سەرهەڵدەدات، ئەوەش ئیشکردنەوەیەکیتری شانۆی شەقامی مەریوان و شانۆی شەقامی ئێرانیە، کە چۆن لەناو مێژوودا دەیەوێت چیرۆکێکیتر بخولقێنێت، بەڵام ئەو دیدە جیاوازە لەو دیدگایەی دەرهێنەر ابراهیم حاجی حیدری لەشانۆگەری "پهلوان ناپهلوان" کە لەچیرۆکی رۆستەمەوە پاڵەوان خۆی وا وێنا دەکات، بەلام پاڵەوانی نمایشەکەمان کارەکتەرێکی ساختەچی، لەبڕی بوونی منالێکی گرنگ پەلاماری ژنێک دەدات، منالێکی ئیفلیج دێنێتە دنیا، وەک ترسنۆکێک ژن و مندالەکە

جێدێلێت، لێرەوە دەرهێـنەر تەواو لەنـاو مێـژوو چیرۆکـی پـاڵەوانێکی ناپـاڵەوان دەخوڵقێنێـت، دەرهێنەرێکیتـر کەسـەرنجمان بـۆ لای خـۆی وەک دەرهێنەری شەقام ڕادەکێشێت، فرامرز قلیچ خانیە لەشـانۆگەری "فرار از زندان" کە زینـدانیەکان دەرەوەی زینـدان بە باشـتر لەزینـدان نابینن، بۆیە لەو ڕێگەیەوە چیرۆکێکی درامی پڕ لەئاهەنگسازی شەقام دەخوڵقێنن، کە باس لەتوێژی قوربانیەکانی کۆمەڵگا دەکات، ڕاکـردن لەزیندان بێمانـاییەکە دەشـێت ژیـان بۆخـۆی زینـدانێکی گەورە بێـت، ئەوان لەو زیندانە بچووکە مومارەسەی ژیان بکەن.

لێرەوە دەرگا لەسەر نمایشەکان دادەخەین، کەئەوانە ئەو کارانە بـوون لەناو پێشبرکێی فێستڤاڵەکە بوون، دیـارە بـردنەوەی زۆرتـرین خەڵات بەر نمایشـی "تولیـدی لیلـی و مجنـون" بکەوێـت نەک هەر حـالەتێکی سرووشتیە، بەلکو دوای نمایشەکە ئەو بۆچوونەمان لەلا درووست بـوو کەبەبـروای ئـێمە ئەو سـێ نمایشـە لەنەخشـەی فێسـتڤالی مەریـوان توانیان سیماکانی شانۆی شەقام بخەنە ڕوو، هەول دەدەین لە بەشـی دواتری ئەو کتێبە لەسـەر کـارە سـونەتی و کارەکـانی نەوجەوانـان و بەرهەمـی میوانەکـان لەنمـونەی مەلـی دەریـای شـانۆکارانی ئـۆکراینی قسە بکەین.

# فۆڕمە جیاوازەکانی شانۆی سەرشەقام

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی فێستڤاڵی شانۆی سەرشەقامی مەریوان ئەو جۆرە پۆلینکارییە کە وەک یەک فۆڕم بەفێستڤاڵ نابەخشرێت، ئەگەرچی لەڕووی هونەرییەوە ئەوە گوتاری نمایش لەبەرزیەوە بەرەو نزمبونەوەش بێنێت، وەک لەبەشی سونەتی تێبینی ئەو خاڵە دەکەین، کە هێندەی کولتوور وەک کەلەپورێکی ڕابردوو نمایش دەکرێت، بەهیچ کلۆجێک وەک ڕووداوێکی زیندوو لەئێستادا لەگەل بینەر بەشداری نمایش ناکات. ئێمە لێرەدا لەسەر فۆڕمی جیاوازی شەقامی مەریوان دەوەستین، سەرەتا لەبارەی کارە سونەتیەکانەوە هەلوەستە لەسەر ئەو تێگەیشتنە شانۆییە دەکەین، ئەوەش بۆ ئێمە لەڕوانگەی چۆنیەتی چارەسەری ئیشکالیەتی کولتوورە لەشانۆدا.ا

کاری سونەتی وەک دیاردەیەکی کولتووریی ونمایشکردنەوەی، گرنگی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ بینەر بۆ نمایشکردن و ئاشناکردنی بینەر، چ بە کولتووری کۆمەڵگاکەی خۆی یاخود بە کولتووری ئەویتری نامۆ بەکۆمەڵگاکەی، لەرێگەی ئەو گروپە شانۆییانەی بەشداری لەفێستڤاڵەکەدا دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، نمایشکردنەوەی ئەو کولتوورانە، چەندە هونەرێکی گرنگن، بەڵام لەهەمان کاتدا ئایا

ڕووبەرووی ئەو گریمانەیەمان ناکاتەوە؛ کە ئـاخۆ ئـەوەیان دەبێـت بـە شانۆی شەقام؟

ڕەنگە شتێکی تازە نەڵێین گەر ئەوە دەست نیشـان بکـەین فـۆڕمێکی نـــەگۆڕ بـــوونی نیـــە بـــۆ شـــانۆی شـــەقام، بـــەڵام مەبەســـت لەنمایشـتکردنەوەی کولتـوور چیـە لـەو کاتـەدا؟ ئایـا نیشـاندانەوەی ڕابردووە یاخود دەرگایەکـە بـۆ تێگەیشـتن لـە ئێسـتادا؟ ئـەوە ئەگـەر خۆمان لەو تێگەیشتنە سۆسیۆلۆژیە نەدزیەوە کـە کولتـوور گوزارشـت نیە لە کەلـەپوور، هێنـدەی کەلـەپوور بەشـێکە لەتنـاو کولتـوور، بـەو مانایەی ڕابردوو سەر بە کولتـوورە، بـەڵام کولتـوور سـەر بـە ڕابـردوو نیـــە.. کولتـــوور لەئێســـتادا لەگەڵمانـــدا دەژییێـــت، ڕابـــردووش لـــەو ئێستایەدایە، بەڵام ئەوەی ئێمـە لەبەشـێکی زۆری کـارە سـونەتیەکان بینیمان، هێندەی لە ڕابردوودان ئەوا ناتوانن پەیوەنـدیی بـە ئێسـتاوە بکـەن، بـەو مانایـەی ڕابـردوو کـەناڵیک نیـە بـۆ پەیوەنـدیکردن بـە ئێستاوە، بۆیە لـەناو کەلـەپوور دەمێننـەوەو نایەنـە نـاو کولتـوورەوە، ئەوە لەکاتێکدا ئەوان هونـەرێکی ئیسـتاتیکمان لـەفۆڕمی فۆلکلـۆر بـۆ بەرجەسـتە دەکـەن، بـەڵام کـەمتر توانـای ئیشـکردنیان هەیـە لەسـەر ئێستا وساتەوەختەکانی دنیای ئێمە.

دەنـا ئەگـەر وەک نمایشـی هونـەری بـۆ نیشـاندانی فۆلکلـۆر ونەریتـە کۆمەڵایەتیەکان سەیریان بکەین، بەدڵنیاییەوە دنیایەک جوانی بەرهەم دێـنن، بەتایبـەت فـۆڕمێکی گرنـگ بـە مـەریوان دەبەخشـن، کـە وەک سونەتێکی شـانۆیی وادەکـات، بینـەران چیژێکـی تایبەتمەنـد لـەژیانی رابـردووی خۆیـان ببینـن.. بەتایبـەت لـەبوونی سـەماکان و گـۆرانی و

مۆسـیقاوه، هــەر بەتــەنیا چێژێکـی سـاتەوەختی نابەخشـن، بـەڵکو بونیـادێکی ئاهـەنگیش بـۆ نمـایش بەرجەسـتە دەکـەن، کـە لـەنێوان موفرەدەکـان و جـل وبـەرگ و نـەریت و وێنــە سـونەتیەکانی ژیـانی سرووشتی و ڕاستەقینەی ئێمەن.

نمایشێکیتر کە وەک یەکەم کاری فێستڤاڵ نمایشکرا، لەبەشی "بخـش مرور" بوو بەناوی "ارایشـگاه صـلواتی" نوسـینی مسـعود ابراهیمـی و دەرهێنانی دلارام ترکی.

ئـەو نمایشــە هــەوڵ دەدات چارەسـەری ئیشـکالیەتی ڕابـردوو بکـات، لەرێگەی پەیوەندیی خوڵقاندنەوە بـە ئێسـتای کۆمـەڵگای بینـەر، کـە ئامادەبوون پرۆسەی بەشداری نێوان ئەکتەر و بینەرە، ئەوە وا دەکات زمـانی پەیوەنـدیی لـەنێوان ڕووداو و کارلێکـەرەکانی بتـوانێ چ وەک ڕووداوێک کە لەرابردوو ڕویداوە، چ لەساتەوەختێکی هەنوکە کـە ئێمـە تیایدا ئامادەی نمایشین، شانۆ ببێت بەبەشێک لەفەرهەنگ و کولوتور کە چۆن سەیری ڕووداوەکان دەکەینەوە.

بۆیە ڕابردوو دەبێتە هێزی پەیوەندیی لەساتەوەختێک ئەکتەر وریامان دەکاتەوە بەرامبەر بە مێـژووی ڕووداوێـک، ئـەوان هۆشـداری ئـەوەمان دەدەنێ لەهەمان کاتدا دەیانەوێت لەئێستادا ئەو پەیوەندیـە لەرێگـەی ململانێـی کۆمەڵایـەتی نێـوان ڕەگـەزەکان و هێـزی بـوون وابەسـتەی عەقلیەتی ڕابردوو نەکات، بـەڵکو دۆخێکـی نـوی بـۆ کۆمـەلگا نیشـان بدات، کە وێنەیەکی گرنگ دەبەخشێتە شانۆی سەرشەقام.

یەکێک لەگرنگیەکانی نمایشی سەرشەقام ئەوەیە، توێژە جیاوازەکـانی کۆمەڵگا هەست بەوە بکەن کە نمایش بۆ ئـەوان پێشـکەش دەکرێـت،

بۆیــه لەبــەشــی "اثــار کــودک و نوجــوان" گێڕانــەوەی چیرۆکــەکان بەشێوەیەک کە هەرزەکاران و منالآن ببرێنە نـاو دۆخـی نمایشـەکەوە، یەکیکە لە خاڵـە گرنگـەکانی ئـەو جـۆرە نمایشـانە، وەک لـە نمایشـی "افسانە دیگ وکدو" دەبێتە جێگەی تێڕامانی ئێمەی بینەری شانۆ.

ئەم نمایشە تەواوی چیرۆکەکـەی لەرێگـەی هـەردوو ئەکتـەر مرتضـی اسدی مرام و نسترن جوادنیا، بووکـە شووشـەکان دەجولێنـدرێن، کـە تــەواوەی چیرۆکــەکان ئــەو دوو ئەکتــەرە لەرێگــەی چەنــد بوکــە شوشـەیەکەوە بەرجەسـتە دەکـرێن، بـەڵام لەهەنـدێک بـاردا بـەهۆی ئــەوەی ئێمــە ڕاسـتەوخۆ رووبــەرووی ئــەو دوو ئەکتــەرە دەبینــەوە، بەتایبــەت بــۆ بینــەری منــاڵ، کــەمتر دەتــوانێ بچێتــە نــاو دۆخــی نمایشــەکەوە، هەرچەنــدە ئــەوان لــەگۆڕینی دەنــگ وهەسـتی بووکـە شووشــەکان دەیانویســت پەیوەندییــەکان بگەیننــە نــاو چیرۆکەکــە، بـەتایبـەت کچـە ئەکتـەر نسـترن کەتوانایـەکی دەنگـی بـەرزی هـەبوو لەبەرجەستەکردنی کارەکتەردا.

رحمـان هۆشـیاری دەرهێنـەر دەیـەوێت بـەرەو چیرۆکـی کەچـەڵێکمان بەرێت، کە عاشقی شازادەیەک دەبیێت، کۆی ڕووداوەکـە دەمانباتـەوە نــاو چیرۆکێکــی ســەمەدی بیهرەنگــی بــەناوی "شــازادە و کەچــەڵی کۆترباز" ئەو چیرۆکە بەشێوەیەک لەگـەل منـالآن بەرجەسـتە دەکـات، وێنــەو فــۆرمێکی تــر بەشــانۆی سەرشــەقامی مــەریوان دەبەخشــێت، دەکریت ئەو شێوەیە لە نمایش بـۆ داهـاتوو کـەمتر ئەکتـەر ببینرێـت، بووکـە شووشــەکان لەشــەقام دەربکــەون و جــۆری جولــە بــۆ بوکــە شووشـەو دەنگـەکان وەک باگراونـدێک بێـت تـا منـالان هەسـت بکـەن

ئەوان لەناو دۆخ و ژیانی تایبـەتی خۆیـان ڕووداوەکـان دەبیـنن، نـەک وەک لاسایکردنەوەی چیرۆکی گەورەکانی لێبێت بۆ ئەوان، چونکە لەو کاتە کەمتر دەتوانن بڕوا بە ڕووداوەکانی نمایش بکەن.

# پەیڤێک بۆ کۆتایی

ئەو دەروازەیەی لەو کتێبەدا بەسەر ئەم شانۆیەدا کردمانەوە، زیاتر زادەی بینینی کۆمەڵێک نمایشە لەباشورو رۆژهەلاتی کوردستان، نەوەک زادەی تویژینەوەیەکی تیۆریی بێت کە ئومێد دەکەین لەداهاتوودا توێژەران و شانۆکارانی ئەم بوارە زیاتر قسەی لەبارەوە بکەن بەتایبەت ئەوانەی ڕاستەوخۆ کاریان لەو بوارەدا کردووە، ڕەنگە بۆ مەعریفەی شانۆی ئێمە ئەم فۆڕمە شانۆییە لەشەقامدا کارێکی نوێ بێت، تا ئاستی ئەوەی هەندێک جار وەک فۆرمێکی نا شانۆیی ناو ببرێت، بەلام لەراستیدا گرنگیەکی تایبەتی هەیە لەگەل بینەر و تەنانەت هەندێک جار کە باس لەوە دەکرێت شانۆیەک نیە لەسەرانسەری جیهاندا بەناوی شەقام، لەڕاستیدا ئێمە پێویستمان بەوەیە هێندەی تاکبینانە سەیری هیچ فۆڕمێکی نمایش نەکەین، کاتێک خۆمان ئارەزووی دیدێکی شانۆیی ناکەین، ناتوانین بەهۆی نەگوجاندنی لەگەڵ چێژی باوی ئێمە بکەوینە ڕەتکردنەوەی، ئەمرۆ شانۆی شەقام لە خۆرئاوا بەم ناوە نمایش ناکرێت، هێندەی ناوینراوە "پێرفۆرمانس لە شەقام" بەڵام سەرەنجام هەمان فۆڕمی شانۆییە کە شانۆی شەقامی کوردیی نمایشی دەکات، واتە پرۆسەی ناونانەکە جیاوازو گۆڕاوە، بەدرێژایی ڕەوتی شانۆ ئەو فۆڕمە شانۆییە بوونی هەبووە، شانۆی ئەزموونگەری کە لەهەفتاکانی سەدەی بیستەم تەواوی شانۆی خۆرئاوا داگیر دەکات شەقام وەک بەشێک لە

ئەلتەرناتیڤی شانۆی باو دەردەکەوێت، بۆیە ئەم شانۆیە لەکوردستان ئەمرۆ دەتوانین وەک هەنگاوێکیتر ببینین کە دوای هاتنە دەرەوەی بینەر لەنانو هۆلی شانۆو هۆگربوونی زیاتر لەتەک شاشەی تەلەفزیۆن و ئایپاد و ئایفۆن، ئەمرۆ ناچاری دەکەیت کە لەشەقام شانۆ ببینێت، ڕەنگە ئەویش پێویستی بەوە بێت تاوەکو لەرێگەی کامێرای تەلەفۆنەکەیەوە وێنەو ڤیدیۆی بگرێت، بەلام سەرەنجام ئەوە ئایدیای شانۆیە وا لەو بینەرە دەکات بە ناچاریش بێت بگەرێتەوە شانۆی، بەبێ ئەوەی خۆشی بیزانێت لە لاپەرەی تۆرە کۆمەلایەتیەکەی بلاوی دەکاتەوەو ریکلام بۆ شانۆ دەکاتەوە.